# دوابەدوای هەوڵی ڕیفراندۆمە پڕ کۆسپەکەی کوردستانی عێراق

**ڕاپۆرتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ژمارە ١٩٩ | 27ی ئازاری 2019**

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە


Headquarters
**International Crisis Group**
Avenue Louise 149 • 1050 Brussels, Belgium
Tel: +32 2 502 90 38 • Fax: +32 2 502 50 38
brussels@crisisgroup.org


*Preventing War. Shaping Peace.*

## خشتەی ناوەڕۆک


کورتەی دەق ........................................................................................ i

I. پێشەکی........................................................................................ 1

II. سیاسەتی ناشەفاف ........................................................................ 4
آ. کێشە خێزانییەکان........................................................................ 4
ب. دوو حیزبە سەرەکیەکە: هاوسەنگیەکی بگۆڕ ........................................ 6
ج. داهاتوویەکی نادیاری سیاسەتی پلورالیزم........................................ 8

III. گەڕانەوە بۆ بەغداد ........................................................................ 11
آ. هەرێمی کوردستان و حکومەتی نوێی بەغداد ........................................ 11
ب. دوو ڕێڕەوی جیاواز لە مامەڵەکردندا لەگەڵ بەغداد ................................ 13
ج. گەڕانەوەی سیاسەت بۆ بازنەی پیرۆزییەکان: .......................................... 14

IV. دەرئەنجام........................................................................................ 16

پەراوێز
أ. نەخشەی عێراق................................................................................ 17
ب. لەبارەی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی ................................................ 18
ج. ڕاپۆرت و پێشنیارەکانی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا لە ٢٠١٦وە........................................................................ 19
د. بۆردی ئەمیندارانی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی.......................................... 21

# زانیاریە بەدەستهاتووە سەرەکیەکان

**چی نوێ لە ئارادایە؟** هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٨ نیشانیدا کە پارتی دیموکراتی کوردستان (پ.د.ک) و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان (ی.ن.ک) جێگیرن وەک هێزی باڵادەست لە سیاسەتی کوردستانی عێراقدا. بەڵام کاردانەوە نەرێنیەکانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان لە ٢٠١٧دا هەماهەنگیی نێو حیزبەکانی لەقکردووە و لە ئاکامدا بووەتە هۆکاری لاوازبوونی پێگەی دانوستانکاری دوو حیزبەکە لەگەڵ بەغدادا.

**گرنگی ئەمە چیە؟** ئەگەری بەرەوپێشچونی دانوستانەکان لەگەڵ بەغداد و ڕیفۆرمی لەمێژە پێویستی هەرێمی کوردستان هەردوو بەندن بە چۆنیەتی دووبارە ڕێکخستنەوەی پەیوەندیەکانی یەکیەتی و پارتی لە لایەن سەرکردەکانیانەوە. بەرەوپێشچوونی لەم چەشنە وا دەکات سەرکردە کوردەکان هەرێمی کوردستان پارێزراوتربکەن لە بەرامبەر مەترسییە دەرەکیەکاندا و یارمەتی هەرێمەکە بدەن تا ئەو زیانانە بگێرنەوە کە بە هۆی ڕیفراندۆمەوە لێی کەوتوە.

**چی دەبێت بکرێت؟** نەتەوە یەکگرتووەکان، بە هاوکاری ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ئەندام لە یەکیەتی ئەوروپادا، دەبێت هەلە نوێیەکانی بە هۆی پێکهێنانی کابینەی حکومەتی تازەوە لە هەولێر هاتوونەتە پێشەوە بیقۆزنەوە بۆ هاندانی ڕیفۆرمی دامودەستگایی لە هەرێمی کوردستاندا و هەروەها لە گەیشتنی هەرێم بە سازانێکی سەقامگیر لەگەڵ بەغداد لەسەر هەردوو کێشەی هەڵپەسێراوی سەرەکیی دابەشکردنی داهات و دۆخی ناوچە جێناکۆکەکان.

# کورتەی دەق

کاردانەوە توندەکان دژ بە ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردەکان لە ئەیلولی ٢٠١٧دا، کە بوە هۆی گێڕانەوەی زۆربەی ناوچە جێناکۆکەکان بۆ ژێر کۆنترۆڵی هێزە عێراقیەکان، زۆری لە دوو حیزبە سەرەکیەکەی کوردستانی عێراق کردوە کە بیر لە دووبارە بنیاتنانەوەی هاوپەیمانیەتی بکەنەوە و بەیەکەوە لەگەڵ بەغدادا هەوڵی کەمکردنەوەی جیاوازی و کێشە هەڵپەسێردراوەکانیان بدەن. ئەم هەنگاوانە پێویستیەکی ستراتیجین گەر هەردوو دوو حیزبی: یەکیەتی نیشتمانی کوردستان (ی.ن.ک) و پارتی دیموکراتی کوردستان (پ.د.ک) بیانەوێت بەرژەوەندیەکانی هەرێمی کوردستان بەرەوپێش بەرن. بەڵام ململانێکانی نێوان حیزبەکان و ناو حیزبەکان، هاوکات لەگەڵ ململانێی دەسەڵات، بوونەتە کۆسپ لەبەردەم هەنگاونان بەرەو ئەم ئاراستەیە. کاردانەوە خراپەکانی ڕیفراندۆم هەروەها بوەتە هۆی دارمانی خێراتری پرۆسەی دیموکراسی نێو حیزبەکان و دام و دەستگا فەرمیەکانی هەرێمەکە، لە کاتێکدا هۆکارێکبوە بۆ بەهێزتربوونی حوکمی بنەماڵەیی. هەر هەوڵێکی نێودەوڵەتی بۆ باشترکردنی دانوستانەکانی نێوان هەولێر و بەغداد دەبێت بە هەوڵدان بۆ بنیاتنانەوەی هاوپەیمانیەتی و دۆستایەتی نێوان یەکیەتی و پارتی و دروستکردنی پاڵەپەستۆ بەرەو ڕیفۆرمی سیاسی دەستپێبکات.

ساڵی ٢٠١٧ ساڵێکی کارەساتباربوو بۆ کوردستانی عێراق. یەکیەتی و پارتی هەردوو دەیانویست هاوسەنگەرییان لەگەڵ هاوپەیمانیەتی ڕۆژئاوایی بۆ لەناوبردنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بفرۆشنەوە بە ڕۆژئاوا لە بەرانبەر پاڵپشتیی ئەوان بۆ هەوڵی سەربەخۆیی کوردستان. بەڵام دوو حیزبەکە ئەگەری هەر دەستکەوتێکیان لە دەستدا کە بۆی هەبوو وەریبگرن لە بەرانبەر سەرکەوتنە مەیدانیەکانیان بەسەر داعشدا بە هۆی هەوڵێکی ڕیفراندۆمی ناوەختەوە کە لە لایەن پارتیەوە ڕابەرایەتی دەکرا. نەک هەر ڕووبەرێکی زۆری چەندین ناوچەی جێناکۆکیان لەدەستدا و نزیکەی هەموو هێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکانیان (جگە لە ئیسرائیل) لە خۆیان توڕە کرد، بەڵکو ناکۆکی و جەمسەریەتی سیاسیی نێو هەرێمی کوردستانیشیان تۆختر کردەوە کاتێک پەردە لەسەر قوماری ڕیفراندۆم لادرا و هەندێک دەهۆڵی خیانەتیان لە دژی هەندێکی تر کوتی.

لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٨دا، دەستنیشانکردنی عادل عەبدول مەهدی (سیاسەتمەدارێک ناسراو بە نزیکی و هاوسۆزی بۆ کوردەکان) بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزرانی عێراق هەلێکی بەخشیە کوردەکان کە کێشە هەڵپەسێراوەکانیان لەگەڵ بەغدادا لەسەر ناوچە جێناکۆکەکان و دابەشکردنی داهات چارەسەربکەن. بەڵام یەکیەتی و پارتی ناتوانن ئەم هەلە بقۆزنەوە گەر خاوەنی یەکڕیزی و یەکبڕیاری نەبن لە بەغداد. لە ئێستادا، ئەوان زیاتر مەیلی گرنگیدانیان هەیە بە ڕێکەوتنی تاکلایەنە لەگەڵ لایەنە بەهێزە سیاسیە سەربازیە شیعەکاندا کە دەستکەوتی خێرا بەڵام کورتخایەنی لێ بەرهەمدێت.

ڕێکەوتنی ستراتیجی پێشووی نێوان دوو حیزبەکە کە لە لایەن مەسعود بەرزانی و جەلال تاڵەبانی سەرۆکی هەردوو حیزبەوە نزیکەی دەیەیێک لەمەوبەر واژوو کرا لەنگەری سەقامگیری ناوچەکەبووە، بەڵام دوابەدوای پشێویەکانی ساڵی ٢٠١٧ و کۆچی دوایی تاڵەبانی هەر لەو ساڵەدا، ڕێکەوتنەکە بەرگەی نەگرت. دووبارە بنیاتنانەوەی ڕێکەوتنی ستراتیجی ئەستەمە و هاوکات لایەن و دام و دەستگایەی جێگرەوەی جێگیری تریش نیە بۆ زامنکردنی داهاتووی هەرێمەکە. ناکۆکیەکانی نێو لایەنە کوردیەکان تەنها پەیوەندیەکانی لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی عێراقدا سەختتر نەکردوە، بەڵکو لەگەڵ بەرهەم ساڵحی پشکی یەکیەتی بۆ سەرۆک کۆماریش پەیوەندیەکانی ئەستەم کردوە و پارتی دژی هەڵبژاردنی وەستایەوە. لاوازیی سەرەکیی کوردستانی عێراق لەوەدایە کە دوابەدوای ڕوخانی ڕژێمەکەی سەدام حسێن لە ٢٠٠٣وە تا ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان شکستی هێناوە لە بنیاتنانی چەند دام و دەستگایەک کە بتوانێت - بێ لایەن لەو دوو حیزبەی پێشتر لە حوکمداری بەعس یاخیبوون و ڕاپەڕین - چاودێری سیستەمی سیاسی هەرێمەکە بکات. لە ئێستادا هەرێم بەرەو دواوە هەنگاو دەنێت. دام و دەستگا فەرمیەکان و حیزبەکانیش تووشی قەیران هاتوون و بوونەتە بارمتەی تۆڕێک لە کەسایەتی حیزبی کە بە هۆی خزمایەتی یاخود بەرژەوەندی تایبەتەوە پێکەوە گرێدراون.

کێشەکە سەرچاوەدەگرێت لە نێو حیزبەکان خۆیان و لە دارمانی پرۆسەیەکی دیموکراسیدا کە زامنی دەستاودەستکردنێکی سەقامگیری دەسەڵاتبکات. ئەنجومەنەکانی ڕاوێژ و بارەگای سیاسیەکان چیدی وەک مەکۆیەک بۆ ڕاویژکاری سیاسی ڕۆڵنابینن. بە پێچەوانەوە، بەرژەوەندی کەسی و خێزانی باڵادەستە لە خستنەڕوو و هەڵبژاردنی کاندید بۆ پۆستە حکومیەکان و دانانی پلانی ستراتیجی. ئەگەر ئەم مۆدێلە سیاسیە بەردەوامبێت، ئەوا هێزی زیاتر دەبەخشێت بەو سەرۆکانەی پێیان وایە کوردستان دەتوانێت لە قەیرانی پاش ڕیفراندۆم بە پەیوەندی حیزبی و خێزانی ڕزگاربێت لە بری هەماهەنگی ناو حیزبەکان و نێوحیزبەکان و هەبوونی دامودەستگای فەرمیی باوەڕپێکراو. لایەنە سیاسیە خۆسەپێەکانیش هەوڵدەدەن لە ڕێگای ڕێکەوتنی حیزبیەوە لەگەڵ حیزبە شیعەکاندا ناوچەکانی بە هۆی ڕیفراندۆمەوە لە دەستیاندا بەدەستبێننەوە، لە جیاتی ئەوەی پێکەوە لەگەڵ حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدیدا مامەڵەبکەن. ڕێکەوتنی لەم جۆرە دەسەڵاتی زیاتر بە حیزب دەدات بەسەر دامودەستگاکانی حکومەتدا هەردوو لە هەرێمی کوردستان و

بەغداد، ڕێگایەکیش دەبێت بۆ کەمکردنەوەی ڕۆڵی هەردوو حکومەتی هەولێر و بەغداد لە گەیشتن بە سازان لەسەر کێشە هەڵپەسێراوەکان.

لە ساڵی ٢٠١٨دا و لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیی عێراق و هەرێمدا یەکیەتی و پارتی دووبارە باڵادەستی خۆیان سەلماندەوە و زیاترین دەنگیان بەدەستهێنا سەرەڕای شکستی ڕیفراندۆم. هۆکارێکی گەورەی سەرکەوتنیان ئەوەبوو کە دانیشتوانی هەرێم هەست ناکەن بەشێکبن لە بڕیاری سیاسی لە وڵاتەکەیان و پەنایان بردۆتەوە بەر حوکمداری هاوبەشی یەکیەتی و پارتی، لە کاتێکدا کە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن پەرتبوون و ڕوانگەیەکی ستراتیجی دوور مەودایان نیە. بەڵام بەردەوامیی پرۆسەی سیاسی، وەک هەردەم، هیچ چارەسەرێک پێشکەشناکات بۆ قەیرانە سیاسییە قوڵەکەی هەرێمەکە. دەمێکە پێویستە ڕیفۆرم ئەنجامبدرێت و لە میانەی ئەم ڕیفۆرمەدا میکانیزمێکی سەرپەرشتکاری دابمەزرێندریت لە ڕێگای دەسەڵاتی دادوەریی سەربەخۆ و کۆمسیۆنی سەربەخۆوە کە چاودێری و سەرپەرشتیاری لایەنی جێبەجێکاربکات.

ڕێڕەوی سیاسەت لە کوردستانی عێراق لەسەر ئەوە بەندە کە ئایە هێزە ڕیفۆرمخوازەکان یاخود هێزە تاکلایەنە خۆسەپێنەکان لە نێو دوو حیزبی فەرمانڕەوادا سەردەکەون، بە تایبەتیش لە نێو پارتی دیموکراتی کوردستاندا کە بە شێوەیەکی گشتی هێزی باڵادەستە. ڕێڕەوی دانوستانەکان لەگەڵ بەغدادیش هەر لەسەر ئەمە بەندە. گەر لایەنە ڕیفۆرمخوازەکانی نێو پارتی بتوانن بەسەر ئەمەکداریی خێزان و حیزبدا سەربکەون و لەگەڵ لایەنە چاکسازیخوازەکانی نێو یەکیەتیدا یەکبگرن ئەوا دەتوانن پێکەوە فشاربکەن بۆ گۆڕانکاری دامودەستگایی لە هەرێمی کوردستان و ڕێگا خۆشبکەن بۆ دانوستان لەگەڵ بەغداد لەسەر کۆمەڵێک کێشەی هەڵپەسێردراو. بەڵام ئەگەر لایەنی دژە ڕیفۆرم لە نێو پارتیدا خۆیان بسەپێنن، ئەوا حیزبەکە ڕەنگە هەوڵی بەدەستهێنانی دەسەڵات و هەژموونی تەواوەتی بدات لە هەرێمی کوردستاندا، وەک چۆن لە هەوڵی ڕیفراندۆمدا بینرا. بڕیارێکی لەو جۆرەش، لایەنە خۆسەپێنەکانی نێو یەکیەتی بەهێزتر و سەرسەختتر دەکات.

هاوپەیمانە نێودەوڵەتیەکان کە بە چڕی بەشداریانکردوە لە شەڕی داعش لە هەرێمی کوردستان دەبێت ئاگاداربن کە دەسەڵاتی دیموکراسیی هەرێمەکە و هێزی دامودەستگاکانی لە ئێستادا پاشەکشەدەکات دوای ڕوخانی ڕێکخراوە تیۆرستیەکە. بۆ ڕێگریکردن لەم بەرەودواچوونە، دەبێت لایەنە نێودەوڵەتیەکان هانی دامەزراندنی میکانیزمێکی چاودێری بدەن کە گەلی کوردستان خۆیان بتوانن سەرکردەکانیان بەرپرسیار ڕاگرن.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە کاریگەریی و هەژموونی لە عێراق بەندە بە هەبوونی هەماهەنگی لە نێوان لایەنە کوردیەکاندا لە هەولێر و بەغداد دەبێت گرنگیەکی تایبەت بەم بابەتە بدەن. هاوشێوەی ئەوان، وڵاتانی ئەندام لە یەکیەتی ئەوروپا، کە پابەندن بە پلانی ستراتیژیی هەبوونی عێراقێکی دیموکرات و هاوسەنگ و کارا دەبێت گرنگی بەم بابەتە بدەن. هاوکات، پرۆسەی هاریکاری نەتەوە یەکگرتوەکانیش لە عێراق پێویستی بە هەماهەنگیی نێوماڵی کوردی هەیە لە کاتێکدا کە نەتەوە یەکگرتوەکان خۆی ئامادە دەکات بۆ نێوەندگیری لە دانوستانەکانی نێوان هەولێر و بەغدادا لەسەر بابەتی ناوچە کێشە لەسەرەکان و دابەشکردنی داهات.

ئەم لایەن و دامەزراوانە دەتوانن هاریکاری هەرێمی کوردستان بکەن لە زاڵبوون بەسەر ناکۆکیەکانیاندا و هاوکات دامەزراندن و بەردەوامبوونیان لەسەر میکانیزمی چاودێریی بەرپرسیارێتی – ئەمانە بۆ گەلێک کە زیاتر و زیاتر هەست بە زەوتکردنی مافەکانی دەکات – و هەروەها دووبارە ژیاندنەوە و خستنەوەگەڕی لایەنە ڕیفۆرمخوازەکان کە پێگەیەکی باشتریان هەیە و زیاتر ئامادەی دانوستانن لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی لە بەغداد. بەم شێوەیە، برینی خۆزامدارکراوی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی وردەوردە تیمار دەبێت و جەستەی سیاسەتی کوردی نوێدەبێتەوە.

هەولێر/بروکسل، 27ی ئازاری 2019

# دوابەدوای هەوڵی ڕیفراندۆمە پڕ کۆسپەکەی کوردستانی عێراق

## I. پێشەکی

تەنها دوو هەفتە دوای دەنگدان لەسەر پرسی سەربەخۆیی کوردستان لە ٢٥ی ئەیلولی ٢٠١٧دا، سوپای عێراق بە هاوکاری هێزە میلیشیاییەکان لە هێرشێکی چاوەڕواننەکراودا هێرشیانکردە سەر کەرکوک.[1] نەوەک تەنها شارەکە و بیرە نەوتەکانی، بەڵکو زۆرینەی ناوچە جێناکۆکەکان (ناوچە فرە نەتەوەکانی سەر سنووری هەرێمی کوردستان) لە دەوری شارەکە لە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی دوو حیزبە باڵادەستە کوردستانیەکەدا نەما کە لە دوای سەرهەڵدان و هاتنی داعشەوە لە حوزەیرانی ٢٠١٤وە کەوتبوە دەست هێزە کوردیەکان.[2] سەرەڕای ئەم ڕووداوانەش ئەنجومەنی نوێنەران لە بەغداد بە زۆرینەی دەنگ بڕیاریدا بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لە ڕێژەی ١٧%وە بۆ ١٢% داببەزێنێت.[3]

ئەم دوو پێشهاتە پێکەوە بوونە هۆی نەمانی سەرچاوە سەرەکیەکانی داهات بۆ هەرێمێک کە خۆی خاوەن ئابوریەکی پڕکێشەبوو.[4] سەرکردە کوردەکان ڕووبەڕووی ڕەخنەی توندبوونەوە: ئەوان چاوەڕوانیی گەلەکەیان بەرزکردبووەوە بە سازدانی ڕیفراندۆم، بەڵام ڕیفراندۆمێک کە نەگەیشت بە هیچ ئەنجامێک. لەدەستدانی کەرکوک و سامانە نەوتیەکەی کە زۆرێک -ئێستا و ئەوساش- کۆنترۆڵکردنییان بە ئامرازی سەرەکیی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی دەبینی، گورزێکی کوشندەبوو. ڕووداوەکان وای نیشاندەدا کە دوو حیزبەکە هەموو دەستکەوتە ناوچەییەکانیان لەدەستداوە کە لە دوای ١٩٩١ و ئازادبوون لە کۆت و بەندی ڕژێمەکەی سەدام حسێنەوە بەدەستیان هێنابوو.[5]

لە ١ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧دا مەسعود بارزانی، پاڵەوانی سەرەکیی ڕیفراندۆم، ڕایگەیاند کە دەستلەکاردەکێشێتەوە لە پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان. ساڵێک دواتر، ئەو وتی: "دانانی کاتی ڕیفراندۆم ڕەنگە تەواو لە جێی خۆیدا نەبووبێت، بەڵام مافی خۆمانبوو ویستی خۆمان بەیانبکەین. ئێستا زیانمان کەمتر پێگەیشتوە و باشترە لەوەی ویست و مافی چارەی خۆنوسینمان

---

[1] لە ٢٥ی ئەیلولی ٢٠١٧دا حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕیفراندۆمێکی سازکرد لەسەر پرسی بەدەوڵەتبوونی کوردستان، بەڵام پلانەکە لە دژیان هەڵگەڕایەوە و هەولێری تەواو بە بێدۆستی جێهێشت. حکومەتی بەغداد، لەگەڵ تورکیا و ئێرانی دراوسێدا، ئابلۆقەیان بەسەر کوردەکاندا سەپاند و لەو میانەیەدا فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانیان داخست کە تەنها پەیوەندی کوردە دوور لە دەریاکانە لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا. حکومەتی ئەمریکا کە پێشتر حکومەتی هەرێمی ئاگادارکردبووەوە لە ئەنجامنەدانی ڕیفراندۆم، دەستەوەستانبوو کاتێک هاوپەیمانە کوردەکانی لە عێراق باجی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەکەیان دەدا. (خوێندنەوەی زیاتر: Middle East Briefing N°55, *Oil and Borders: How to Fix Iraq's Kurdish Crisis*، گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی، ١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧ و "Twilight of the Kurds"، جوست هیڵتەرمان و ماریا فانتاپی، Foreign Policy، ١٦ی کانوونی دووەمی ٢٠١٨)

[2] حیزبە کوردیەکان هەموو کێڵگە نەوتیەکانیان لە ناوچە جێ ناکۆکەکان لەدەستدا جگە لە یەک کێڵگە (کێڵگەی خورماڵە) کە دەکەوێتە ناوچە جێناکۆکەکانی سەر بە پارێزگای هەولێر. سەرەڕای گرتنەوەی کێڵگە نەوتیەکانی کەرکوک، بەغداد هێشتا پشت بە بۆریە نەوتەکەی هەرێم دەبەسێت بۆ گواستنەوەی نەوتی باکوری عێراق بۆ تورکیا تا لە دەریای سپی ناوەڕاستەوە هەناردەی بازاڕەکانی جیهانی بکات. (خوێندنەوەی زیاتر: Middle East Report N°194, *Reviving UN Mediation on Iraq's Disputed Internal Boundaries*، گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی، ١٤ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٨)

[3] ئەندام پەرلەمانە کوردەکان بایکۆتی دانیشتنەکەیانکرد. بڕیارەکەی پەرلەمانی عێراق دوای چوار ساڵ ناکۆکی نێوان بەغداد و هەولێرهات لەسەر ڕێکەوتنە نەوتیەکان و دابەشکردنی بودجە. لە مانگی ئازاری ٢٠١٤دا بەغداد بەشە مووچەی هەرێمی کوردستانی لە بودجەی فیدراڵی بڕی بە هۆی درووستبوونی کێشە لەگەڵ هەولێر لەسەر فرۆشی سەربەخۆی نەوت. هاوکات، دابەزینی نرخی نەوت لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٤دا و دەستپێکردنی جەنگی داعش قەیرانەکەی قووڵترکردەوە. هەرچەندە دوو لایەنەکە لە کانوونی دووەمی ٢٠١٤دا ڕێکەوتنێکی دابەشکردنی داهاتیان واژۆکرد کە تیایدا بەغداد ڕەزامەندی دابوو بە ناردنی بەشە بوجەی فیدراڵیی هەرێمی کوردستان گەر لە بەرانبەردا هەرێم نەوت لە ڕێگای کۆمپانیای نیشتمانیی بەبازاڕکردنی نەوتی عێراق (سۆمۆ) وە بفرۆشیت، بەڵام ناکۆکیەکان بەردەوامبوون. (خوێندنەوەی زیاتر "Official KRG Response to Statements Made by Prime Minister of Iraq, Haider al-Abadi" مەڵپەڕی فەرمیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ١٧ شوباتی ٢٠١٧.)

[4] هەرێمی کوردستان ڕایگەیاندووە کە پێویستی بە ٧٧٢ ملیۆن دۆلار هەیە بۆ دابینکردنی موچەی ١,٤ ملیۆن فەرمانبەری حکومی. دوابەدوای لەدەستدانی کەرکوک، داهاتی هەرێمی کوردستان لە ٥٦٥,٥ ملیۆن دۆلارەوە بۆ ٣٣٧,٤ ملیۆن دۆلار دابەزی و ئەمەش وایکرد حکومەتی هەرێم موچەی موچەخۆرانی کەرتی حکومی ٣٣% زیاتر دابەزێنێت (پاشەکەوتبکات) دوای ئەوەی پێشتر و لە ساڵی ٢٠١٦دا دوای ڕاگەیاندنی بڕیاری پاشەکەوتی موچە، موچەی موچەخۆرانی حکومی تا ڕێژەی ٤٠% دابەزێندرابوو. (خوێندنەوەی زیاتر:" KRG releases details of reform measures to be sent to parliament " ڕووداو، ١٢ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٧.)

[5] (خوێندنەوەی زیاتر: "The Kurds are Right Back Where They Started" جوست هیلتەرمان، The Atlantic، ٣١ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧).

لەدەستدابایە... ڕیفراندۆم سەلماندی کە پرینسیپ و مافە نێودەوڵەتیەکان، وەک مافی چارەی خۆنوسین، هەموو قسەی بەتاڵن و لە ڕاستیدا هیچ بنەمایەکیان نیە. ئێمە ئێستا تێدەگەین کە ئێمە دەبیت خۆمان بەتەنها بەهێز و بەپێوە بگرین." [6]

بەرەنگاربوونەوەکەی بارزانی بەرگەی نەگرت و لە میانەی کاردانەوە خراپەکانی ڕیفراندۆمدا تەنها چوار ساڵ دوای دەستپێکی جەنگی دژ بە داعش، سەرکردە کوردەکان لە ژێر فشاردا دەبوو ڕێگەچارەیەکی واقیعیتر بخەنەڕوو لە سیاسەتی ناوخۆیی و هەرێمییاندا. دەستلەکارکێشانەوەی مەسعود بارزانی، کەسایەتی سیاسیی سەرۆک وەزیران (نێچیرڤان بارزانیی برازای) بەرزکردەوە. زانراوبوو کە نێچیرڤان بارزانی بە بێدەنگی لە دژی بڕیاری سازدانی ڕیفرامدۆمە، سەرۆک وەزیران دەستی بۆ حیزبەکانی ناوەو و دەرەوەی هەرێم درێژکرد تا پەیوەندیە ئاڵۆزبووەکان بڕەوێننەوە.[7] ئەو هەروەها بەردەوامبوو لە کارکردن لەسەر ڕیفۆرمی ئابوری و توانی وادەکانی دابەشکردنی موچەی موچەخۆرانی حکومەت بخاتەوە کاتی خۆی.[8] دیپلۆماتکارێکی ڕۆژئاوایی لە هەولێر ئاوا ڕۆڵی ئەوی باسکرد: "ئێمە باوەڕمان وابوو کە تەواو شتێک نامێنێت بە ناوی کوردستانی عێراق. بەڵام لە ماوەی چەند مانگێکدا نێچیرڤان لە لایەن ئێران و تورکیا و سعودیەی عەرەبیەوە پێشوازی لێکرا و کوردستان دووبارە پێگەی خۆی خزتەوە سەر نەخشە."[9]

بەڵام ئەم گۆڕانکاریە بەرەو سیاسەتی واقیعبینی کورتخایەنبوو. کەسایەتیە خۆسەپێنەکان کە هانی ڕیفراندۆمیان دەدا، بە تایبەت لە نێو پارتی دیموکتراتی کوردستان (پ.د.ک)دا، کەوتنەوەگەڕ دوابەدوای سەرکەوتنی دوو حیزبە کوردییە سەرەکیەکە لە هەڵبژاردندا لە غیابی ئۆپۆزیۆنێکی کارادا. هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە ١٢ی ئایاری ٢٠١٨ و هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ٣٠ی ئەیلولی ٢٠١٨دا بووە هۆی دووبارە هەستانەوە و ژیانەوەی پارتی و بە ڕێژەیەکی کەمتر یەکیەتی لە سلێمانی. لە هەردوو هەڵبژاردندا، پارتی و یەکیەتی زیاترین ڕێژەی دەنگی هەرێمەکەیان بەدەستهێنا، هەڵبەت لەگەڵ هەبوونی تۆمەتی ئەنجامدانی ساختەکاریدا.[10] پارتی بەتایبەتی، توانی دووبارە زاڵبوونی خۆی لە هەرێمی کوردستاندا نیشانبدات لە هەڵبژاردنەکانی عێراق و دواتریش لە هەڵبژاردنی هەرێمدا کە براوەی حەتمیبوو.[11] ئەم سەرکەوتنە، پارتی دووبارە خستەوە پێگەی سەرەکیی لە پێکهێنانی حکومەتی هەرێمدا.

لە ٣ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٨دا پارتی هەردوو نێچیرڤان بارزانی وەک جێگرەوەی مامی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم و مەسرور بارزانی (کوڕی مەسعود بارزانی) بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران کاندیدکرد، هەردوو کاندید لە ئێستادا چاوەڕێی دەنگدانی پەرلەمانی کوردستانن بۆ پێکهێنانی حکومەت. کاندیدکردنی مەسرور بارزانی نیشاندەری بەهێزبوونەوەی کوتلە خۆسەپێنەکەی نێو پارتیبوو کە تا ئێستا بە ڕابەرایەتی مەسرور بارزانی ئەرکی دەزگا ئەمنیەکانی هەرێمەکەیان ڕاپەڕاندووە. هەرچەندە هەموو کەس ڕەنگە ئەم ڕایەی نەبێت، بەڵام پۆستی سەرۆک وەزیران لە پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم بەهێزترە لە ئێستادا کە مەسعود بارزانی چیدی سەرۆکی هەرێم نیە و دوای دەستلەکارکێشانەوەی بووەتە "دەسەڵاتی پشت عەرشی

---

[6] چاوپێکەوتنی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، هاوینەهەواری سەڵاحەدین، ٥ی ئەیلولی ٢٠١٨

[7] نێچیرڤان بارزانی وتاری سیاسیی توندی دژ بە حکومەتی ناوەندی کەمکردەوە و دەرگای دانوستانی لەگەڵ حەیدەر عەبادیی سەرۆک وەزیراندا کردەوە و سەردانی ئەنقەرە و ئێرانی کرد. بەڵام سەرەڕای هەوڵەکان بۆ دانوستان، نەتوانرا سەرکەوتن لە لابردنی تەواوی ئابلۆقەکاندا بەدەستبهێندرێت، جگە لە کردنەوەی هەردوو فڕۆکەخانەی هەولیر و سلێمانی کە لە ئازاری ٢٠١٨دا و دوای گەڕانەوەی هەولێر بۆ سەر مێزی گفتوگۆ لەگەڵ بەغداد کرانەوە.

[8] کوردستانی عێراق خاوەن ئابوریەکی پشتبەستووە بە هەناردەی سامانی سروشتی، ٨٥%ی داهاتەکەی لە هەناردەی نەوت پێکدێت و ٧٠%ی بودجەکەی بۆ دابینکردنی موچەی موچەخۆرانی کەرتی حکومی سەرف دەکرێت. لە ساڵی ٢٠١٦دا حکومەتی هەرێم بە هاوکاری بانکی جیهانی پڕۆژەی "نەخشەڕێگای ڕیفۆرمی ئابووری" دەستپێکرد. (خوێندنەوەی زیاتر: World Bank Group "Reforming the Economy for Shared Prosperity and Protecting the Vulnerable") ئەم پاکێجی ڕیفۆرمە سیستەمێکی پاشەکەوتی موچەی لەخۆگرت کە موچەی موچەخۆرانی کەرتی حکومی بە نزیکەی ٣٠% کەمکردەوە. لە مانگی ئەیلولی ٢٠١٨دا حکومەتی هەرێم توانی بۆ یەکەم جار لە چوار ساڵی پێشوودا مووچەی فەرمانبەران لە وادەی خۆیدا بدات. هەرێم توانی بە هۆی پاکێجە ڕیفۆرمەکەی ٢٠١٦وە و هاوکات پێدانی ٢١٦ ملیۆن دۆلار لە لایەن بەغداد و بەخشینی ٢١ ملیۆن دۆلار لە لایەن ئەمریکاوە مووچەی مووچەخۆرانی بدات و هەوڵی چارەسەری قەیرانی موچە بدات. (خوێندنەوەی زیاتر:" Iraq sends money to pay Kurdish salaries for the first time since 2014 " ڕۆیتەرز، ١٩ی ئازاری ٢٠١٨ و "Kurdistan to pay salaries on time for a second time in a row" ڕووداو، ٣ی ئایاری ٢٠١٨.

[9] چاوپێکەوتی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، هەولێر، ٣ی ئەیلولی ٢٠١٨

[10] هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق پارتی بە ٢٦ کورسی و یەکیەتی بە ١٨ کورسی لە کۆی ٣٢٩ دوو حیزبە کوردیەکەی جێگیرکرد وەک دوو گەورەترین حیزبی کوردی لە پەرلەمانی عێراقدا. لە کەرکوک، یەکیەتی توانی لە ناوچە غەیرە کوردیەکانیش براوەبێت

[11] بۆ زانیاری بنچینەیی لەسەر هەڵبژاردنەکانی دواتر: "Iraqi Kurdistan's Regional Elections Test a Brittle Status Quo", Crisis Group Commentary ، ماریا فانتاپی، ٢٨ی ئیلولی ٢٠١٨

.

پادشایەتی" وەک سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان.[12] لە بەرانبەردا یەکیەتی پێگەی خۆی بەدەستهێنایەوە وەک دووەم گەورەترین حیزب لە هەرێمی کوردستان (لە کاتێکدا کە دوابەدوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٣ ئەم پێگەیەی بە بزوتنەوەی گۆڕانی ڕیفۆرمخواز لەدەستدابوو) هاوکات پەیوەندیەکانی لەگەڵ بەغداد بەهێزکردەوە و پۆستی سەرۆک کۆماری عێراقیشی بۆ بەرهەم ساڵحی کاندیدی بەدەستهێنا. [13]

دەستنیشانکردنی عادل عەبدولمەهدی وەک سەرۆک وەزیرانی داهاتووی عێراق (کە سیاسەتمەدارێکی ناسراوە بە بیر و باوەڕە دۆستانەکانی بەرانبەر کوردەکان) هاوکات لەگەڵ دروستبوونی نایەکڕیزی لە نێو شیعەکاندا هەردوو بوونە هۆی دروستبوونی هەلی نوێ بۆ حیزبە کوردییەکان تا بتوانن هەندێک بەرژەوەندی سیاسیی خۆیان بدەستبهێننەوە لە بەغداد کە بە هۆی کاردانەوە خراپەکانی ڕیفراندۆمەوە لەدەستیان دابوو.[14] بەڵام ئەم ئەگەرە بە تەواوی بەندە لەسەر درووستکردنی باڵانسی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان کە گەر درووستببێت دەبێتە هۆی دروستبوونی هاوپەیمانێتییەکی کارا لەگەڵ بەغدادی پایتەختدا.

[12](خوێندنەوەی زیاتر: "KDP nominates Nechirvan and Masrour Barzani for Iraqi Kurdistan's top posts"، ڕۆیتەرز، ٣ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٨. دەوترێت کە مەسرور بارزانی بەردەوام دەبێت لە ڕابەرایەتیی دەزگا ئەمنی و هەواڵگرییەکان، بەڵام زۆر شت دەکەوێتەوە سەر ئەوەی سەرۆکەکەی داهاتوو بە پێی دەستوور و یاسای سەرۆکایەتی چ دەسەڵاتێکی پێ دەبەخشرێت.

[13] کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان لە ٢٠ی تشرینی یەکەمدا دوا ئەنجامەکانی هەڵبژاردنیان بڵاوکردەوە. پارتی براوەبوو بە ٤٥ کورسی، یەکیەتی دووەمبوو بە ٢١ کورسی. "KDP comes first in Iraqi Kurdistan elections – commission"، ڕۆیتەرز، ٢١ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٨.

[14] لە ناوەڕاستی تشرینی دووەمی ٢٠١٨دا، هەولێر و بەغداد گەیشتنە ڕێکەوتنێک لەسەر هەناردەی نەوت و دابەشکردنی داهات، ئەمەش ڕێگەیدا کە بەغداد لە ڕێگای بۆریە نەوتیەکەی هەرێمەوە نەوت هەناردەی تورکیا بکات و لە بەرانبەردا بەغداد بەشە بودجەی فیدراڵیی هەرێم دابینبکات. (خوێندنەوەی زیاتر: "Kirkuk exports resume in political test run"، Iraq Oil Report، ١٦ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

## II. سیاسەتی ناشەفاف

لە کاردانەوەکانی دوای جەنگی کەنداوی ١٩٩١دا، ئەمریکا چەترێکی پارێزەری بەسەر یەکیەتی و پارتیدا هەڵدا و ئەمەش ڕێگەیدا دوو حیزبەکە دەسەڵاتیان لە هەرێمە کوردیەکە چەقبەستووبێت و ببێتە بناغەیەک بۆ بنیاتنانی ئیدارەیەکی ئۆتۆنۆمی (حکومەتی هەرێمی کوردستان) لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەردوو حیزبدا.[15] دوابەدوای ڕووخانی ڕژێمەکەی سەدام حسێن، دوو حیزبەکە هاوپەیمانیەتیەکی ستراتیجییان لە ساڵی ٢٠٠٧دا ڕاگەیاند کە تیایدا بەشی یاکسانی حوکمڕانی و دابەشکردنی سامان دیاریکرا و ئامانجی سەرەکی بە بەهێزکردنی پێگەی ئۆتۆنۆمی هەرێمەکە و بنیاتنانی هێزی ئەمنی و ئیدارەی هاوبەش داندرا. بەڵام دەستبەسەراگرتن و بەستنەوەی دام و دەستگاکان لە لایەن دوو حیزبەکەوە ڕێگربوو لەوەی هیچ حیزبێکی تر وەک جێگرەوەی کارا بۆ یەکیەتی و پارتی سەرهەڵبدات، هەر ئەمەش هانی گەندەڵییدا لە پلە بەرزەکانی دەسەڵاتدا و سیستەمی سیاسیی هەرێمەکەی نوقمی قەیرانکرد دوابەدوای هەڵوەشانەوەی هاوپەیمانیەتیی ستراتیجی لە ساڵی ٢٠١٧دا. بەڵام پێشتریش و لە کاتی هێرشی داعشدا بۆ موسڵ و ناوچەکانی دەوروبەری لە ٢٠١٤دا هاوسەنگیی دەسەڵاتی نێوان یەکیەتی و پارتی لەنگببوو و ئەمەش مەترسیی لەسەر هەرێم دروستکرد. هاوکاری نێودەوڵەتی کە تێکەڵی شەڕ دژ بە داعشبوو، ئەم لەنگیەی دەسەڵاتی خراپترکرد. ئەم هاوکاریانە کۆمەڵە کەسایەتیەکی حیزبیی بەهێزترکرد بە پێدانی پارە و چەک پێیان و هاوکات پرۆسەی دیموکراسیی ناوخۆی حیزبەکانی لەقکرد.[16]

### آ. کێشە خێزانییەکان

ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی و کاردانەوەکانی بوو بە کۆتایی بڕگەیەکی مێژووی کورد کە تیایدا هەرێمی کوردستان دەبووە هەرێمێکی دیموکراتیی پەرلەمانیی کارای خاوەن پێگەیەکی پتەوی فیدراڵی لە عێراقدا. لەجیاتی ئەمە، دوو حیزبە سەرەکیەکە وردە وردە بوونەتە بارمتەی چەند تۆڕێک کە زۆرینەی جار ئەندامەکانیان ئەندامی هەمان خێزانن. دامودەستگا حیزبیەکان وەک ئەنجومەنی سەرکردایەتی و مەکتەب سیاسیی حیزبەکان لەکارکەوتوون و ئەرکی دیاریکراوی خۆیان ئەنجامنادەن و ئەنجومەنە حیزبیەکان چیدی کاری ڕاوێژکاری و بڕیاردانیان پێ ناسپێردرێت. لە جێیان، پەیوەندی خێزانی بووەتە بەهێزترین دراوی نێو فەزای سیاسیی کوردی و ڕێکەوتنی تایبەتیی نافەرمی جێگای میکانیزمی فەرمیی بڕیاردانی گرتووەتەوە.[17]دوابەدوای ڕاپەڕینە بەناوبانگەکەی ١٩٩١ دژ بە ڕژێمەکەی سەدام و دەستپێکی خۆڕێکخستنەوەی کوردستانی عێراق وەک هەرێمێکی خاوەن ئۆتۆنۆمی، زۆرینەی کات ئەندامانی هەمان خێزان پێگەو پۆستە گرنگەکانیان لە نێو حیزبە سیاسی و دامودەستگا حکومییەکانی هەرێمدا گرتوەتە دەست.[18] ئەم دامودەستگا حکومیانە بەهێزتربوون هەر کاتێک توانیبێتیان تۆڕی پەیوەندی دروستبکەن کە سنوری حیزب و خێزانی تێپەڕاندبێت و پەیوەندی هاوبەشی لە نێو ئەو کەسایەتیانە دروستکردبێت کە هاودیدی سیاسات و هاوبەرژەوەندبوون. بۆ نموونە، لە ٢٠١٤وە نێچیرڤان بارزانیی سەرۆک وەزیران سەرەڕای ئەوەی بارزانیە و جێگری سەرۆکی پارتیە (کە مامیەتی) لە نزیکەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ قوباد تاڵەبانی، کوڕی جەلال تاڵەبانیی سەرکردەی مێژوویی یەکیەتی (کە جێگری سەرۆک وەزیرانە) کاریکردوە تا پێکەوە هاوسەنگیەک دروستبکەن دژ بە لایەنە خۆسەپێنەکانی نێو هەردوو لە یەکیەتی و

---

[15] دوابەدوای یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانیی هەرێمە کوردیەکە لە مانگی ئایاری ١٩٩٢دا یەکیەتی و پارتی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان دامەزراند، بەڵام دەسەڵاتی ڕاستەقینەیان، بە پاڵپشتی هێزە ئەمنیەکانی هەردوو حیزب، لای خۆیان هێشتەوە. حوکمداریی پارتی پارێزگاکانی هەولێر و دهۆکی گرتەوە، کە لەمێژساڵەوە پێگەی سەرەکییان بووە بە هۆی زمان و کلتوری هەردوو پارێزگاوە؛ لە کاتێکدا پێگەی بەهێزی یەکیەتی سلێمانی و، دوابەدوای هێرشی ئەمریکا لە ٢٠٠٣دا، کەرکوکبوو کە دەکەویتە دەرەوەی هەرێمی کوردستان و یەکێکی لە ناوچە کێشەلەسەرەکان. (خوێندنەوەی زیاتر: The Kurdish Quasi-State: Development and Dependency in Post-Gulf War Iraq ، دێنیس ناتالی، سیراکوس، ٢٠١٠)

[16] Crisis Group Middle East Report N°158, *Arming Iraq’s Kurds: Fighting IS, Inviting Conflict* ، ١٢ی ئایاری ٢٠١٥، بڕگەی ٢.

[17] (خوێندنەوەی زیاتر: ““Kurdish Nationalism at an Impasse‹ The Century Foundation، کەیڵ سالّح و ماریا فانتاپی، ٤ی شوباتی ٢٠١٩)

[18] نێچیرڤان، برازای مەسعود بارزانی، سەرۆکی مەکتەب سیاسی پارتیە و لە ئێستادا سەرۆک وەزیرانی هەرێمە. مەسرور بارزانیی کوڕی مەسعود بارزانی ئەندامی مەکتەب سیاسیی پارتیە و لە ئێستادا ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمە. ئەندامێکی پارتی لە باسکردنی سیاسەتی خێزانیی نێو یەکیەتی "کۆسترەت ڕەسووڵ، جێگری سکرتێری یەکیەتی، کردەوەکانی هاوشێوەن. یەکێک لە کوڕەکانی، دەرباز، کردوەتە وەزیری ئاوەدانکردنەوە لە حکومەتدا و کوڕێکی تری لە سەرکردایەتی یەکیەتیدایە. (چاوپێکەوتنی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، هەولێر، ٣ی ئەیلوولی ٢٠١٨) ئەندامێکی پارتی لەسەر پەیوەندییە خێزانییەکانی نێو یەکیەتی وتی: "کۆسترەت ڕەسووڵ، جێگری سکرتێری یەکیەتی، کردەوەکانی هاوشێوەن. یەکێک لە کوڕەکانی، دەرباز، کردوەتە وەزیری ئاوەدانکردنەوە لە حکومەتدا و کوڕێکی تری لە سەرکردایەتی یەکیەتیدایە. (چاوپێکەوتنی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، هەولێر، ٣ی ئەیلوولی ٢٠١٨)

پارتی، بە لایەنەکانی نێو خێزانی بارزانیشەوە. ڕیفراندۆمەکەی سەربەخۆیی ڕوونتر سنووری نێوان دوو لایەنی دیاریکرد: لایەنێکی "ڕیفۆرمخواز" کە پەیوەندیەکانیان حیزب و خێزانی تێپەڕاندووە، و لایەنێکی "خۆسەپێن" کە خۆیان لە نێو سیاسەتی حیزبی و خێزانیدا قایمکردووە. زۆرێک لە ڕیفۆرمخوازەکان دژی دەنگدانبوون بۆ سەربەخۆیی (گەرچی دواتریش دەنگی خۆیان بە بەڵێ دابێت بۆ سەربەخۆیی) نەک لەبەر ئەوەی ئەوکات یان ئێستا دژی سەربەخۆیی کوردستانبن بەڵام لەبەر ئەوەی پێیان وابوو سەپاندنی لەم کاتەدا هەڵەیەکی گەورەیە کە مەسعود بارزانی، بە پشتبەستنێکی زۆر بە ڕاوێژکارە بیانیەکان و کادرە دێرینە خۆسەپێنەکانی نێو پارتی، ئەنجامی دەدات.[19] بە پێچەوانەوە، لایەنە خۆسەپێنەکان پڕبەدڵ لایەنگری بڕیاری ڕیفراندۆمیانکرد. لە کاتێکدا لە لە لاوە سەرکردایەتی یەکیەتیش دابەشببوون لە نێوان پاڵەوانانی ڕیفراندۆم و ڕەخنەگراندا.[20] ئەگەرلایەنە ڕیفۆرمخوازەکان توانیبێتیشیان هەرێمەکە لە قەیرانی دوای ڕیفراندۆم ڕزگاربکەن، سیاسەتی بنەماڵەیی سەریهەڵداوەتەوە و بووە بە لەنگەرێکی هەمیشەیی بۆ بەردەوامبوون. پارتی دووبارە هەستایەوە بە یەقینی ئەوەی کە شیرازەی بڕیاردانی بنەماڵەیی یەکیەتی نێو ڕیزەکانی حیزبەکەیان دەپارێزێت و قەرەبووی ناسەقامگیریی دامودەستگاکانی حوکمداری دەکاتەوە، بەڵام هەر ئەم بیرکردنەوەیە بووە هۆی لاوازکردنی حیزبەکە. لە نێو پارتیدا، سیاسەتی بنەماڵەیی کار بۆ ڕاگرتن و دروستکردنی هاوسەنگی دەکات لە ملمانێی سیاسیی نێوان مەسرور و نێچیرڤان بارزانیدا کە هەردوو کاندیدی جێگرەوەی مەسعود بارزانین.[21] سەرەڕای دەستلەکارکێشانەوە لە سەرۆکایەتی، مەسعود بارزانی بەهێزتر دەرکەوتەوە و لە ئێستاشدا وەک سەرۆکی پارتی و کەسایەتیەکی گرنگی ڕێکەوتنە سیاسیەکانی ناوخۆ و دەرەوەی پارتی کاردەکات. وەک بەرپرسێکی حکومەتی هەرێمی سەر بە پارتی دەڵێت: "هەمووان پێیان وابوو بارزانیّ لاوازدەبێت دوای ڕیفراندۆم. بەڵام بە پێچەوانەوە ئەو بە بەهێزتر دەرکەوتەوە. هەموو کەسایەتیەکانی کوردستان پۆل پۆل دێن بۆ کۆشکی سەرۆکایەتی، هەرچەندە ئەو چیدی سەرۆک نەماوە."[22] ئەندامێکی پارتی وتی:

> بڕیاردان لە نێو پارتیدا لە لایەن بازنەیەکی بچوکی ئەندامی خاوەن ئەزموونی حیزبەکەوەیە، کە شەرت نیە ئەندامی هەمان خێزانبن، ئەمانەش پێکدێن لە سەرکردە دێرینەکان: مەسعود بارزانی، فازڵ میرانی و نەوزاد عەلی. بەڵام، ئەوە پەیوەندیە بنەماڵەییەکانە کە ڕێگا بە مەسعود بارزانی دەدات پێکهاتەکانی نێو پارتی ڕابگرێت و ململانیّ ناوخۆییەکان چارەسەربکات.[23]

یەکیەتی، کە لە ساڵی ۱۹۷۵دا و لە بەرهەڵستیی سیاسەتی بنەماڵەیی و خێڵگەرایی پارتی لەو حیزبە جودابووەوە، لە ئێستادا هاتووەتە سەر ئەوەی لەسەر هەمان پرینسیپ کاردەکات. لە کاتی نەخۆشکەوتنی جەلال تاڵەبانیەوە (یەکێک لە دامەزرێنەرانی حیزبەکە) لە ساڵی ۲۰۱۳دا، حیزبەکە دەناڵێنێت بەدەست ململانێی نێوان میراتگرەکانی تاڵەبانی و سەرکردەکانی نێو حیزبەکە کە بەرهەڵستن و ئامادەنین بچنە ژێر ڕکێفی بنەماڵەی تاڵەبانیەوە. ئەندامێکی یەکیەتی دەڵێت: "ئەوانەی ٤٠ ساڵ دەبێت ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتین زەحمەتە بەلایانەوە قبوڵبیکەن کە تازەلەدایکبووەکانی بنەماڵەی تاڵەبانی دەستبگرن بەسەر حیزبەکەدا."[24] بە هۆی ئەم دابەشبوونانەوە، ناکۆکی توند کەوتۆتە نیوان تاڵەبانیەکان و خێزانە بەهێزەکانی

[19] (خوێندنەوەی زیاتر: "The Kurds are Right Back Where They Started" جوست هیلتەرمان، The Atlantic، ۳۱ی تشرینی یەکەمی ۲۰۱۷).

[20] شیکەرەوەیەکی سیاسیی کورد دەیخاتەڕوو: "ڕیفراندۆم کاریگەریەکی دابەشکەرانەی هەبوو. لە پارتیدا، نێچیرڤان بەرزانی و مەکتەبی سیاسی دژی بوون لە کاتێکدا مەسرور بارزانی و هۆشیار زێباری (کە هەردوو ئەندامی مەکتەبی سیاسین) پاڵپشتی بوون. لە مەکتەبی سیاسی یەکیەتیدا، هێرۆ ئیبراهیم (هاوسەری جەلال تاڵەبانی) دژیبوو لە کاتێکدا مەلا بەختیار و نەجمەدین کەریم پاڵپشتی بوون." (چاوپێکەوتنی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، هەولێر، ٤ی ئەیلوولی ۲۰۱۸)

[21] ئەندامێکی پارتی دەڵێت: "لەم وڵاتەدا (کوردستان) تەنها یەک بنەماڵە بوونی هەیە: بارزانیەکان. بۆ مەسعود بارزانی، هیچ شتێک هێندەی ڕاگرتنی یەکیەتیی بنەماڵەکەی گرنگنییە. لە ساتێکدا کە جیاوازی و دابەشکاری هەیە، ئەو ئەیەوێت ڕیگا لە دابەشبوون بگرێت بە هەر شێوەیەکبێت. ئەو بە یەکسانی کار لە نێچیرڤان و مەسروردا دەکات، یەکێکیانی کردوەتە بەرپرسی حکومەت و ئەویتر ئاسایش." (چاوپێکەوتنی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، هەولێر، ٤ی ئەیلوولی ۲۰۱۸) کادرێکی یەکیەتی پێشبینی ئەوەی کرد کە پارتی دابەشبوونی ناوخۆیی زیاتر بەخۆوە دەبینێت و وتی: "پارتی ئێستا سێ بەرەیە: مەسرور، مەسعود، نێچیرڤان. لە ئێستادا کە مەسرور دەکرێتە سەرۆک وەزیران و نێچیرڤان سەرۆکی هەرێم، هەردوو خۆیان بە بەرپرس دەزانن لە پەیوەندیەکانی هەرێم لەگەڵ ئەنقەرە و تاران و بەغداد. جیاوازیەکان سەر هەڵدەدەن، بە تایبەتی دوای ئەوەی مەسعود بارزانی چیدی لە مەیدانەکەدا نامێنێت. (چاوپێکەوتنی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، بەغداد، ٤ی شوباتی ۲۰۱۹).

[22] چاوپێکەوتنی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، سەلاحەدین، ٥ی ئەیلولی ۲۰۱۸

[23] چاوپێکەوتنی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، هەولێر، ٤ی ئەیلولی ۲۰۱۸

[24] چاوپێکەوتنی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، هەولێر، ۳ی ئەیلولی ۲۰۱۸ مەبەست لە "تازەلەدایکبووەکان" نەوەی نوێی تاڵەبانیەکانە کە لە ئێستادا لە چلەکانی تەمەنیانان و هەردوو کوڕی جەلال تاڵەبانی: قوباد تاڵەبانی (جێگری سەرۆک وەزیران) و بافڵ تاڵەبانی (کە هەندێک پێشبینی دەکەن ببێتە سکرتێری گشتیی نوێی یەکیەتی)، و برازاکانی تاڵەبانی: لاهور (بەڕێوەبەری ئاژانسی هەواڵگریی یەکیەتی، دەستگای زانیاری) لە خۆدەگرن. ئەندامێکی دێرینی یەکیەتی وتی: "ئێمە سێ دەیەیە چاوەڕوانین تا

تر لە لایەک و لە نێو تاڵەبانیەکانیشدا لە لایەکی تر.[25] لە کاردانەوەکانی هەڵبژاردنی ئەیلولی ٢٠١٨ی هەرێمدا پارتی کاری کرد لەسەر زیادکردنی هەژموونی خۆی بەسەر یەکیەتیدا بە نەوتکردن بە ئاگری ململانێی نێوان هەردوو خێزانی تاڵەبانی و خێزانی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، سەرکردەیەکی تری مێژوویی یەکیەتی.[26] هەوڵەکەی پارتی لە دژی خۆیان هەڵگەڕایەوە کاتێک تاڵەبانیەکان توانییان لە ڕێگای ڕێکەوتنێکی نێو بنەماڵەی خۆیانەوە بەرهەم ساڵح (کە یەکیەتی جێهێشتبوو و پێشتر نزیکبوو لە کۆسرەت ڕەسوڵەوە) بهێننەوە نێو ڕیزەکانیان و بە سەرکەوتوویی بیپاڵێون وەک کاندیدی کوردەکان بۆ سەرۆکایەتی کۆماری عێراق، بەمەش یەکیەتی نێو یەکیەتییان پاراست.[27] هەتا گۆڕانیش، کە بزوتنەوەیەکی جودابووەوەیە لە یەکیەتی لە دژی پێکهاتەی وەلائی بنەماڵەیی نێو هەردوو یەکیەتی و پارتی، لە ئێستادا هەمان مشت و مڕ لە نێو ڕیزەکانی بەڕێوەدەچێت لەگەڵ گرتنەدەستی دارایی بزوتنەوەکە لە لایەن کوڕانی نەوشیروان مستەفا ئەمینی دامەزرێنەری بزوتنەوەکەوە کە لە ٢٠١٧دا کۆچی دوایی کرد.[28]

### ب. دوو حیزبە سەرەکیەکە: هاوسەنگیەکی بگۆڕ

هەر یەک لە فاکتەرە ناوخۆیی و دەرەکیەکان - لە نێو یەکیەتیدا قەیرانی جێگرتنەوەی تاڵەبانی دوای کۆچی دوایی ئەو و هاوکات جەنگ دژ بە داعش و ویستی پارتی بۆ زیادبوونی هەژموونی لە هەرێمی کوردستاندا- هاوسەنگی دەسەڵاتی نێوان یەکیەتی و پارتییان تێکداوە و خراپتربوونی بار و دۆخی هەرێمی کوردستانیان خێراترکردووە. دوابەدوای ئەنجامە کارەساتبارەکانی یەکیەتی لە هەڵبژاردنی ٢٠١٣ی هەرێمدا، پارتی لەگەڵ بزوتنەوەی گۆڕاندا حکومەتیان پێکهێنا. ئەمە بوو بە یەکەمجار کە پارتی ئامادەیی دەرببڕێت لە دروستکردنی هاوپەیمانیدا لەگەڵ لایەنێکی تر جگە لە یەکیەتی، بە هیوای ئەوەی دابەشبوون و ناکۆکیەکانی یەکیەتی و گۆڕان لە سلێمانی زیادبکات و بەمەش دەسەڵاتی زیادبکات. ئەم هەنگاوەی پارتی بوو بە مەترسی لەسەر سەقامگیری ناوچەکە، چونکە هەرچەندە گۆڕان لە حکومەتدابوو بەڵام حیزبەکە لە دامودەستگا حکومیەکاندا دەسەڵاتی کەمبوو و هێندە نەبوو تا بەرانبەر بە پارتی هاوسەنگبێت، ئەمەش وایکرد دیدگای گۆڕان دژ بە گەندەڵی دامەزراوەیی توندرتربکات و هاوکات یەکیەتی وا لێبکات پەیوەندیەکی بەهێزتر لەگەڵ ئێران بنیاتبنێت.[29] لە کۆتاییەکانی ٢٠١٥دا پەرلەمانی کوردستان لە کارکەوت دوای ناکۆکیەک لە نێوان پارتی و گۆڕان (کە ئەوکات پۆستی سەرۆکی پەرلەمانیان بەدەستبوو) لەسەر

---

بەسەر پەیڕەی پێگەی حیزبیدا سەبکەوین. ئێستا نۆرەی ئێمەیە!" چاوپێکەوتنی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، هەولێر، ئازاری ٢٠١٧

[25] بە پێی پەیڕەوپرۆگرام، یەکیەتی دەبێت هەموو چوار ساڵ جارێک کۆنگرە ببەستێت، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٠وە کۆنگرە نەبەستراوە. تاڵەبانیەکان لە ململانێی زاڵبوونی دەسەڵاتدان لەگەڵ خێزانی کۆسرەت ڕەسوڵ کە جێگری سکرتێری گشتی یەکیەتیە لە دوای مردنی جەلال تاڵەبانیەوە. خێزانی تاڵەبانی لە ئێستادا دابەشبووە بەسەر دوو بەرەدا، بەرەیەک نزیک لە هێرۆ ئیبراهیمی هاوسەری جەلال تاڵەبانیی کۆچکردوو و بافڵی کوڕیان، بەرەیەکی تریش نزیک لە لاهور تاڵەبانیەوە. لە دوای کۆچی دوایی تاڵەبانیەوە لە ٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧وە ئەنجومەنی سەرکردایەتی حیزبەکە تا ئێستا سکرتێرێکی گشتیی نوێیان هەڵنەبژاردووە.

[26] کەسێکی لایەنگری پارتی دەڵێت: "کۆسرەت ڕەسوڵ هیوای پارتیە لە ناو یەکیەتیدا و هەر بۆیە مەترسییەکە لەسەر هەژموونی تاڵەبانیەکان بەسەر حیزبەکەدا. دوای ئەنجامە دڵخۆشکەرەکانی هەڵبژاردنەکانی ئەیلول، چاوەڕوانی ئەوە لە پارتی دەکەم کە هانی ویستی کۆسرەت ڕەسوڵ بدات لە ململانێیدا لە دژی هەژموونی تاڵەبانیەکان لە ناو یەکیەتیدا، بەم شێوەیەش پەیوەندیەکانی پارتی لەگەڵ ئەو بەرەیەی یەکیەتیدا باشتربێت و پۆستی سیادیان پێ ببەخشێت لە کابینە نوێکەی حکومەتدا." چاوپێکەوتنی تەلەفونیی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، ١١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨)

[27] ئەگەر لەتیف ڕەشید، خێزانی شاناز ئیبراهیمی خوشکی هێرۆ ئیبراهیم، کاندیدبکرایە لە لایەن بەرەی تاڵەبانیەوە بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق ئەوا هاوسەنگی حیزبیی نێو یەکیەتی بە لای تاڵەبانیەکاندا دادەشکا و دژایەتیەک دەبوو بۆ کۆسرەت ڕەسوڵ و دەبووە هۆی نزیکتر بوونەوەی ئەو لە پارتی. کاندیدکردنی بەرهەم ساڵح بۆ سەرۆکایەتی کۆماری عێراق (دوای جێهێشتنی یەکیەتی و دروستکردنی حیزبێکی خۆی لە ٢٠١٧دا) بووە هۆی پاراستنی یەکیەتی نێو ڕیزەکانی حیزبەکە لە دژی ململانێ خێزانیەکان و ویستەکانی پارتی. بە وتەی کادرێکی یەکیەتی، هاوپەیمانیەتی نێوان کادرە گەنجەکانی حیزبەکە دەکرێت ببێتە پردی پەیوەندی نێوان دابەشبوونە خێزانیەکان و یەکیەتی نێو یەکیەتی بگێڕێتەوە: "ئێمە دەبێت یەکیەتی نێو حیزبەکە لە نێو کادرە گەنجەکاندا بنیاتبنێینەوە، لە نێو نەوەی نوێی تاڵەبانیەکان (بافڵ و قوباد و لاهور) و کوڕەکانی کۆسرەت ڕەسوڵدا. گەڕانەوەی بەرهەم ساڵح بۆ نێو حیزب دەکرێت ببێتە پردێک لە نێوان خێزانی تاڵەبانی و کۆسرەتدا و ڕێگربێت لە گەمەی پارتی بۆ دابەشکردن و پەرتکردنی ئێمە." چاوپێکەوتنی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، بەغداد، ٣ی شوباتی ٢٠١٩

[28] لایەنگرێکی پێشووی گۆڕان وتی: "گۆڕان پەرت پەرتبووە. دوو بەرە هەیە: بەرەیەک کە لایەنگریی کوڕەکانی نەوشیروان دەکات کە ببنە سەرکردەکانی حیزب و بەرپرسیاری سەرچاوەکانی داهاتبن (وەک میدیا و سوپەرمارکێتەکان)، بە پێچەوانەوە بەرەی بەرانبەر بە توندی دژایەتی ئەمە دەکات و بە دژی گوفتاری بنچینەیی و بەردەوامی حیزبەکە دەیبینێت." (چاوپێکەوتنی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، هەولێر، ٤ی ئیلولی ٢٠١٨).

[29] لە هەڵبژاردنەکانی ئەیلولی ٢٠١٣ی هەرێمدا گۆڕان پلەی دووەمی بەدەستهێنا و بووە خاوەنی ٢٤%ی دەنگەکان لە کاتێکدا یەکیەتی ١٧%ی دەنگەکانی بەدەستهێنا. هەرچەندە چەند پۆستێکی سیادی گرتە دەست لە حکومەتی نوێدا (بە تایبەت وەزیری دارایی و کاروباری پێشمەرگە) شکستی هێنا لە سەپاندنی کۆنترۆڵکردنێکی کارای دامودەستگاکاندا کە پڕبوون لە ستافی بەڕێوەبردن و ئەمنی کە ئەمەکداربوون بۆ یەکیەتی و پارتی. (خوێندنەوەی زیاتر: Crisis Group Report, Arming Iraq's Kurds, p. 6)

درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی. لە کۆتاییەکانی ٢٠١٧دا نێچیرڤان بارزانیی سەرۆک وەزیران حوکمداری دەکرد بێ پەرلەمانێکی کارا و سەرۆکی هەرێم، بە کابینەیەکەوە کە شەش وەزیر تیایدا دەستیان لە کارکێشابووەوە (چوار وەزیری گۆڕان و دووانی کۆمەڵی ئیسلامی).[30] لە ماوەی سەرەتای دوای ڕیفراندۆمدا، ویستی پارتی بۆ قۆرغکردنی سەرۆکایەتی هەرێمەکە و دژایەتیکردنی یەکیەتی بۆ ئەم هەوڵە وایکرد دوو لایەنەکە نەتوانن هاوسەنگیەکی دەسەڵاتی نوێ بنیاتبنێن. بەڵام لە هەمان کاتدا قەیرانی دوای ڕیفراندۆم بووە هۆی یەکگرتنی بەرژەوەندییەکانی کەسایەتیەکانی نێو یەکیەتی و پارتی، کە مانەوەبوو لە دەسەڵاتدا و ئەمەش لە نێوانیاندا هەماهەنگی درووستکرد. دوابەدوای هەڵبژاردنەکانی ئەیلولی ٢٠١٨ی هەرێم، کەسایەتیە سیادیەکانی هەردوو حیزب باسیان لە "پێویستی یەکگرتن" دەکرد لە ڕێگای دروستبوونی هاوپەیمانیەتیەکی نوێوە. ئەندامێکی پارتی پێش هەڵبژاردنەکان وتی:

"دوای هەڵبژاردنەکان، ئێمە دەمانەوێت دووبارە کار بۆ ئیدارەیەکی هاوبەشی یەکیەتی و پارتی بکەینەوە. پارتی هیچ بژاردیەکی لە یەکیەتی باشتری نیە، بۆ یەکیەتیش هەر وایە. من چاوەڕێدەکەم حیزبەکانی تریش وەک گۆڕان کە حکومەتیان جێهێشتبوو بیانەوێت دووبارە بەشداری حکومەت بکەنەوە و لە کابینەی حکومەتدا پۆستیان هەبێت." [31]

بەڵام میلی کاتژمێر هێندە بە ئاسانی ناگەڕێندرێتەوە. زۆر شت گۆڕاوە لە کاتی واژۆکردنی ڕێکەوتنی ستراتیجیی یەکیەتی و پارتیەوە. دوو حیزبەکە لە ناوخۆیاندا پەرتپەرتبوون و پشتبەستنیان بە هێزەکانی دراوسێی وەک ئێران و تورکیا زیادیکردووە، بە تایبەت دوای ئەوەی مردنی تاڵەبانی بووە هۆی نەمانی پایەیەکی هاوپەیمانیی نێوان دوو لایەنەکە. ئەندامانی هەریەک لە یەکیەتی و پارتی ڕەنگە هاوڕابن کە دووبارە بنیاتنانەوەی پەیوەندی و دۆستایەتی نێوانیان پێویستیەکی تەواو گرنگە گەر دوو حیزبەکە بیانەوێت بەردەوامبن لە باڵادەستیبیان لە سیاسەتی کوردیدا و ڕێگری لە پەرتپەرتبوون بکەن، بەڵام هەردوو لایەن تەواو دوورن لە ڕێکەوتن لەسەر میکانیزمەکانی هاوسەنگی لە ئەگەری ڕێکەوتنێکی نوێدا. بە تایبەتی، بەرە خۆسەپێنەکەی نێو پارتی ویستی تایبەتی خۆیان هەیە: بۆ ئەوان، سیستەمێکی سیاسی کە تەنها یەک حیزب تێیدا باڵادەستبێت سەقامگیرتر و کاراترە لە سیستەمێک کە چەند حیزبێکی سیاسی ملیملانێی تێدا بکەن و چەند ناوەندێکی بڕیار بوونی هەبێت.[32]

ویست و داواکردنی "یەکگرتن" ئەوە نابێت بشارێتەوە کە پەیوەندیی ئێستای نێوان دوو حیزبەکە ناهاوسەنگە و لایەنێک لەوی تر بەهێزترە. لە دانوستانەکانی ئێستادا بۆ پێکهێنانی کابینەی حکومەتی نوێی هەرێم، پارتی لەوەدەچێت ویستی دووبارە هێنانە ناوەوەی یەکیەتیی هەبێت. لە دیدگای ستراتیجیی پارتیەوە، ئەم هەنگاوە پێدەچێت بەجێبێت: یەکیەتی، بە هێزی سەربازی و دامودەستگا حوکمداریەکانی خۆیەوە، بە ئاسانی وەلانانرێت. بەڵام لە هەمان کاتدا، لە ڕووی سیاسیەوە هێندە بەهێزنییە کە بتوانێت ملمبلانێی باڵادەستی لەگەڵ پارتیدا بکات. [33]

---

[30] کارکردنی پەرلەمان لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٥وە وەستێندراوە دوابەدوای دەستلەکارکێشانەوەی وەزیرەکانی گۆڕان (وەزیرەکانی کاروباری پێشمەرگە، بازرگانی و پیشەسازی، دارایی، و ئەوقاف). لە ئەیلولی ٢٠١٦دا حیزبی کۆمەڵی ئیسلامی دوو وەزیرەکەی لە حکومەت کێشایەوە لە حکومەت (وەزیرەکانی کشتوکاڵ و ژینگە، بە دوای یەکدا)

[31] (چاوپێکەوتنی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، هەولێر، ٤ی ئیلولی ٢٠١٨) کادرێکی یەکیەتی وتی: "ئێمە (یەکیەتی و پارتی) دەبێت ڕێکەوتنێکی نوێ سازبکەین لە پێناو ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکان لەگەڵ بەغداد و ئەنقەرە و تاران و حیزبە کوردییەکانی تردا." (چاوپێکەوتنی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، بەغداد، ٤ی شوباتی ٢٠١٨)

[32] کادرێکی دێرینی پارتی وتی: "یەکیەتی ناتوانن لە ژوورێکیشدا پێکەوە کۆببنەوە. هەرکاتێک ئێمە (پارتی) بمانەوێت کۆبوونەوەیەک ڕێکبخەین لەگەڵیاندا دەبێت لە هەر بەرەیەی نێو یەکیەتی نوێنەرێک بانگهێشت بکەین. تەنها کارەکتەرێکی بەهێزی وەک مەسرور دەتوانێت هەرێمەکە لەم قەیرانە ڕزگاربکات. (چاوپیکەوتنی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، بەغداد، ١٨ی کانوونی دووەمی ٢٠١٩) کادرێکی یەکیەتیش بەپێچەوانەوە وتی: "تاڵەبانی کوردستانی دایە دەست بارزانییەکان. مەسعود بارزانی دەیتوانی ببێتە سەرکردەی هەموو کوردان، بەڵام ئەو تەنها کاری بۆ بەرژەوەندی حیزبەکەی خۆیکرد. ئەو شکستی هێنا، ئێستاش دووبارە لە شکستهێناندایە بە پێدانی دەسەڵات بە کوڕەکەی (مەسرور) کە خاوەن هەمان ڕوانگەیە و حیزبی لە ناوەندی دیدگایدایدا داناوە." (چاوپیکەوتنی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، بەغداد، ٤ی شوباتی ٢٠١٩)

[33] دوای هەڵبژاردنەکان، پارتی پێشنیاری هاوپەیمانیەتی پێشکەش بە حیزبە بچوکەکانی تری سلێمانیش کرد وەک گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی، تا دڵنیا بێت کە لە کاتێکدا یەکێتیشی هەیە وەک هاوپەیمان، ئەو حیزبانەی تریش لە ڕووی سیاسیەوە لاوازبن. جیاواز لەوان، یەکیەتی داوای کۆکردنەوەی حیزبە بچوکەکانی سلێمانی دەکات لە ژێر چەتری یەکیەتیدا و دەیەوێت بێنەوە نێو یەکیەتی. لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا، بافڵ تاڵەبانی ڕایگەیاند: "گۆڕان بەشێکە لە یەکیەتی و دەبێت بگەڕێتەوە نێو یەکیەتی." " Bafel Talabani rules out another intra-Kurdish conflict", Al Jazeera English، ٢٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٨. ئەندامێکی یەکیەتی وتی: " گەمەی پارتی بۆ دابەشکردن و پەرتکردنی لایەنەکان لە سلێمانی لە دژی خۆیان هەڵگەڕایەوە. ئەوان سەرەتا ویستیان (یەکیەتی) پەرتپەرتبکەن و لە ئێستادا دەیانەوێت هێزبدەنە گۆڕان تا جێگرەوەیەی ئێمە بێت. بەڵام ئەوە وەک ئەوە وایە باوەڕ بەوەبکەیت کە حیزبی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان (یەکێک لە حیزبە ئیسلامیەکان) دەتوانێت جێگای پارتی

لە ٤ی ئازاردا و دوای شەش مانگ دانوستان لەسەر پێکهێنانی حکومەت، پارتی و یەکیەتی ڕێکەوتنێکیان هێنایە بەرهەم کە ڕەنگە ناکۆکییان لەسەر پۆستەکانی کابینە نوێکە بڕەوێنێتەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا، ڕێکەوتنێکی ستراتیجیی نوێ لەخۆناگرێت کە هەردوو حیزب ببەستێتەوە بە دیدگایەکی هاوبەشەوە لەسەر حوکمداریی هەرێم و پەیوەندییە دەرەکییەکان. بەم شێوەیە، ڕێکەوتنەکە لەوەدەچێت ئەنجامی توانای پارتیبێت لە بەکارهێنانی پێگەی ستراتیجیی بەهێزتری بەسەر یەکیەتیدا دوابەدوای هەڵبژاردنەکانی ئەیلولی ٢٠١٨دا وەک کارتێکی فشار و سوودێکی زۆری نەبێت بۆ بنیاتنانەوەی یەکیەتیی نێوماڵی کوردی و بەهێزکردنی پەیوەندیی کوردەکان لەگەڵ بەغداد.[34]

بۆ هاوسەنگکردنەوەی پێگەی پارتی، لایەنە خۆسەپێنەکانی نێو یەکیەتی لە ئێستاوە پشت بە پەیوەندییە بەهێزبووەکەی حیزبەکەیان لە بەغداد دەبەستن – لە ڕێی بەدەستهێنانی ئەم دواییانەی پۆستی سەرۆک کۆماری بۆ بەرهەم ساڵح – کە لە ئێستادا گرنگیی زیادیکردوە بە هۆی پێویستیی هەرێم بە دەستپێکردنەوەی دانوستان لەگەڵ حکومەتی ناوەندا. لە بەرانبەردا، پارتی کە ئامادەنیە پشت بە یەکیەتی ببەستێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ بەغدادا، هەوڵدەدات تاکلایەنانە ڕێکەوتن لەگەڵ هێزە سیاسیە شیعە بەهێزەکاندا بکات لەسەر کێشە هەڵپەسێراوەکان کە حکومەتی هەرێم پێویستیەتی بۆ مانەوەی. بە کورتی، حیزبە کوردیەکانی عێراق سیاسەتی ساڵانی جاران پەیڕەو دەکەن: پەنادەبەنەوە بەر دروستکردنی هاوپەیمانی تەکتیکی لەگەڵ بەغدادا تا لە ململانێ ناوخۆییەکانیاندا پێشبکەون، بەغدادیش سەرەڕای پەرتپەرتبوونی، بەم شێوەیە کوردەکان بە پەرتەوازەیی دەهێڵێتەوە.[35]

### ج. داهاتوویەکی نادیاری سیاسەتی پلورالیزم

لە جیاتی ئەوەی وەلابنرێن، ئەو کەسایەتیانەی کوردستانی عێراقیان گەیاندە قەیرانی بوون و نەبوون، ناسەقامگیریی دوای ڕیفراندۆم بەهێزیکردوون وڕۆڵی فریادڕەسی نەتەوەی کوردی پێبەخشیون- لەسەر حسابی لەکەدارکردنی نیمچە دیموکراسیەتی دامودەستگاکانی هەرێم. لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە کوردستانی عێراق چوار جار هەڵبژاردنی پەرلەمانیی ئەنجامداوە (٢٠٠٥، ٢٠٠٩، ٢٠١٣، ٢٠١٨). لەم میانەیەدا سیاسەتی پلورالیزم بوونی هەبووە، چەند حیزبێکی ئۆپۆزسیۆن ململانێی دەسەڵاتداریی دوانەیی یەکیەتی و پارتیان کردووە و کۆمەڵگایەکی مەدەنی دەنگدلێر و جوڵانی شەقام لە دژی خراپبوونی خزمەتگوزاری و دەرئەنجامەکانی تری خراپیی حوکمداری لە ئارادابووە.[36] ٣٦ مەترسی مان و نەمان کە بە هۆی هاتنی داعش بۆ باکوری عێراق لە ٢٠١٤دا و هاوکات دەرئەنجامە خراپەکانی دوای ڕیفراندۆم هاتنە ئاراوە، هەر پڕۆسەیەکی دیموکراسیی وەستاند کە بوونی هەبووبێت. لە بەرانبەریشدا سەرکردەی حیزبەکان خۆیان وەک پارێزەری کوردستان نیشاندا دژ بە مەترسی دەرەکی و بەم شێوەیە توانییان بە شێوەیەکی کاراتر دەنگی ناڕەزایی کپبکەن.[37]

---

بگرێتەوە وەک حیزبی باڵادەست لە هەولێر و دهۆک. زۆر بە سادەیی، ئەوە مەحاڵە." (چاوپێکەوتنی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، بەغداد، ٢٠ی کانوونی دووەمی ٢٠١٩) ململانێی یەکیەتی و پارتی لەسەر پێکهێنانی حکومەت بەردەوامە و پارتی کاتی دەنگدان لەسەر سەرۆکی پەرلەمان پێشدەخات تا فشار لەسەر یەکیەتی دروستبکات تا ڕازیبێت بە پێکهێنانی حکومەت بە پێی مەرجەکانی پارتی. لە ١٨ی شوباتدا پارتی زۆرینەی پەرلەمانی کۆکردەوە تا ڤالا فەریدی سەر بە پارتی بۆ پۆستی سەرۆکی پەرلەمان دیاریبکات، پۆستێک کە یەکیەتی ئاواتەخوازبوو بدرێت بە یەکێک لە کاندیدەکانی خۆی، ئەمە وایکرد یەکیەتی بایکۆتی دانیشتنەکە بکات. ئەندام پەرلەمانەکانی پارتی بڕیاریاندا کە ڤالا فەرید بە شێوەیەکی "کاتی" سەرۆکی پەرلەمانبێت هاتاوەک یەکیەتی ڕازیدەبێت بە پێکهێنانی حکومەت. (خوێندنەوەی زیاتر: "KDP's Vala Fareed elected KRG parliament speaker, closes session"، ڕووداو، ١٨ی شوباتی ٢٠١٩

[34] حیزبەکان ناوەڕۆکی ڕێکەوتنەکەیان ئاشکرانەکردووە، بەڵام بە وتەی بەرپرسێکی یەکیەتی کە لە نزیکەوە چاودێری دانوستانەکانی کردووە، بەرەی کۆسرەت ڕەسوڵی یەکیەتی لە کابینەی داهاتوودا پۆستی گرنگیان پێدەدرێت لە بەرانبەر جێهێشتنی پۆستە سیادیەکان بۆ پارتی. (چاوپێکەوتنی تەلەفونیی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، ٧ی ئازاری ٢٠١٩) شرۆڤەکارێکی کورد کە ڕەخنەئامێز دەڕوانێتە ڕێکەوتنەکە دەڵێت: ئەمە ڕێکەوتنێک نیە لەسەر میکانیزمی ڕیفۆرمی حوکمداری بەڵکوو ڕێکەوتنی دابەشکردنی پۆست و پلەیە." (چاوپێکەوتنی تەلەفونیی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، ٧ی ئازاری ٢٠١٩)

[35] (چاوپێکەوتنی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، بەغداد، ٤ی شوباتی ٢٠١٩)

[36] جوڵاندنی شەقام لە لایەن گەنجانەوە لە ئازاری ٢٠١١دا گرنگترین نموونەیە. (خوێندنەوەی زیاتر: "Iraq: in the country's north, a youth-led Kurdish spring blooms", The Los Angeles Times، ماریا فانتاپی، ٤ی ئایاری ٢٠١١.

[37] لەسەر سەرکوتکردنی خۆپیشاندەران و ڕۆژنامەنوسان: "Kurdistan Region of Iraq: Protesters Beaten, Journalist Detained"، ڕێکخراوی چاودێریکردنی مافی مرۆڤ، ١٥ی نیسانی ٢٠١٨. لە ٢٩ی کانوونی دووەمی ٢٠١٩دا ئەنجومەنی داکۆکیکردن لە مافی ڕۆژنامەنوسان ڕایگەیاند کە هێزە ئەمنیەکان ڕۆژنامەنوسێکی سەربەخۆی ڕەخنەگر لە پارتی و تورکیا و پەیوەندیەکانیان، شیروان ئەمین شیروانییان دەستگیرکردووە. (خوێندنەوەی زیاتر: Committee to Protect Journalists, "Journalist Detained for Weeks in Iraqi Kurdistan, Accused of Anti-State Acts" ٢١ی شوباتی ٢٠١٩) چالاکەوانێکی کۆمەڵگای مەدەنی کە بەهۆی نالەباری باری سیاسیەوە کوردستانی جێهێشیووە دەڵێت: " ١٠ ساڵێک

لە هەمان کاتدا، تۆمەتی ئەنجامدانی ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکانی هەرێم و عێراقدا بێ متمانەیی زۆرینەی گەلی بە پڕۆسەی سیاسی زیاترکرد لە کاتێکدا کە خەڵک پێش ئەوەش متمانەیان زۆر نەبوو و درکیان بە هەبوونی گەندەڵی پلەبەرزی دامەزراوەیی دەکرد. لە ئایاری ٢٠١٨دا، سەرکەوتنی سەرسوڕهێنەری یەکیەتی و پارتی لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکاندا شکی ئەنجامدانی ساختەکارییان زیاتر کرد لای گەل و زیاتر بێهیوابوون لە بەشداریکردن لە پڕۆسەی سیاسیدا. کوردێکی تەمەن ٢٥ساڵان لە ڕۆژانی پێش هەڵبژاردنی هەرێمەکەدا وتی: "بۆ دەنگبدەین؟ لە دهۆک خەڵکی مردووش چوون دەنگبدەن (لە هەڵبژاردنی عێراقدا)

پێت ناڵێن: 'چا و قاوەمان هایە، کامیت دەوێت؟' بەڵکو دەڵێن 'تەنها قاوەمان هەیە.'".[38]

هەنگاوەکانی دوای هەڵبژاردن نیشاندەری ئەوەن کە یەکیەتی و پارتی هەوڵی ڕێکخراو دەدەن بۆ قۆرغکردنی پەرلەمانی هەرێم و ئەنجومەنە سەربەخۆکان تا ڕۆڵە چاودێریکارەکانیان نەهێڵن و بیانکەنە چەند دامودەستگایەک بۆ بە فەرمیکردنی بڕیاری سەرکردەکانی حیزبەکانیان.[39] ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسیی ڕەنگە لە هەرێمەکە بەردەوامبێت بەڵام دوورە لەو ئاستەی بتوانێت چاودێرێکی کارای دەسەڵاتی حکومەتبێت و بە شێوەیەکی گشتی کاری ساردکردنەوەی توڕەیی شەقام و چینی سیاسی دەبێت.[40] شێوەیەکی دەرکەوتنی ئەم مۆدێلە نوێیە هەڵبژاردنی کاندیدی گەنجە بۆ پەرلەمان کە سەرەڕای گەنجێتیان هەر درێژکراوەی تۆڕی ئەمەکداری حیزبی و بنەماڵەیین، هەر لەبەر ئەمەیە کە ناتوانن یاخود نایانەوێت چاودێربن بەسەر ئەو لایەنانەوە کە هەڵیانبژاردوون وەک کاندید.[41] هەندێک خەڵک لە هەولێر دەستیانکردووە بە بەکارهێنانی دەستەواژەی "پەرلەمانی کارتۆنی" بۆ وەسفکردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی کوردستان.[42]

گەر ئەم ڕێچکەیە بەردەوامبێت، هەڵبژاردن ڕەنگە چیدی مەیدانیکی ڕاستەقینە نەمێنێت بۆ بەشداری و نوێبوونەوەی سیاسی. ئەنجامەکانی هەڵبژاردن ڕەنگە چیدی بکەوێتە سەر توانای حیزبەکان لە سەرکوتکردن و بەلاڕێدابردنی دەنگدەرانیان و ناوەندگیریی کێشە ناوخۆییەکان و دەستوەردان لە کۆمسیۆن و لایەنەکانی بەرنامەڕێژیی هەڵبژاردنەکان کە لە بنچینەدا دەبێت سەربەخۆبن. لایەنە خۆسەپێنەکانی ناو پارتی بە متمانەبەخۆبوونەوە پێیان وایە کە دوای ئەنجامە باشەکانیان لە هەڵبژاردنی هەرێمدا، دەتوانن پشت بە ڕۆڵی سەرەکییان لە کابینەی نوێ و باڵادەستییان لە پەرلەمان ببەستن بۆ نەخشاندنی بناغەی

---

لەمەوبەر، زۆربووین ئەوانەی نارەزاییمان بەرانبەر حوکمداری حیزبەکان دەردەبڕی، بەڵام ئەمڕۆ خەڵک یان کوردستانیان جێهێشتووە یان چوونەتە نێو حیزبەکانەوە." (چاوپێکەوتنی تەلەفونیی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، ٩ی ئازاری ٢٠١٩)

[38] چاوپیکەوتنی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، هەولێر، ٤ی ئەیلولی ٢٠١٨. تۆمەتی ئەنجامداری ساختەکاری بەربلاوە، کە تۆمەتی تۆمارکردنی کەسانی مردوو بۆ دەنگدانیش لەخۆدەگرێت. (خوێندنەوەی زیاتر: "Kurdistan expected to purge more than 100k names from voter rolls"، ڕووداو، ١ی کانوونی دووەمی ٢٠١٨) هەرچەندە ڕێژەی بەشداریکردنی دەنگدەران لە هەڵبژاردنی نەتەوەیی ئایاری ٢٠١٨دا لە ناوچەکانی هەرێم و عێراقدا هەردوو کەمبوو، بەڵام هەڵبژاردنەکانی هەرێم لە ئەیلولی ٢٠١٨دا نزمترین ڕێژەی بەشداریکردنی تۆمارکرد لە مێژووی هەرێمی وکردستاندا (کە ٥٨% بوو بەراورد بە تێکڕای ٧٥% لە ساڵی ١٩٩١ەوە) (خوێندنەوەی زیاتر: "KRG elections: why such a low turnout?"، ڕووداو، ٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٨.

[39] بە درێژایی ساڵی ٢٠١٨، یەکیەتی و پارتی کاندیدە حیزبیەکانی خۆیان زیاتر و زیاتر لە دەستە هەستیارەکاندا جێگیرکردووە (وەک دەستەی دەستپاکی، کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕیفراندۆم، دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ) هەروەها لە باڵاترین دەسەڵاتی دادوەری هەرێمەکەدا: ئەنجومەنی دادوەری. لە حوزەیرانی ٢٠١٨دا، دە دادوەری ئەنجومەنی دادوەری دەستیانلەکارکێشایەوە (ئەگەری زۆر هەیە لە ژێر فشاری یەکیەتی و پارتیدابووبێت) و لە لایەن دادوەری دەستنیشانکراوی یەکیەتی و پارتیەوە بە ڕێکەوتنی ٥٠-٥٠ی باوی نێوان دوو حیزبەکەوە جێگایان گیراوەتەوە. لە تشرینی دووەمی ٢٠١٩دا، لەتیف شێخ مستەفا کە دادوەرێکی ئەنجومەنی دادوەریە لە بەرهەڵستیدا دەستیلەکارکێشایەوە و کاریگەریی حیزبەکانی لەسەر پرۆسەی دادوەری بە "خراپترینی مێژوو" لەقەڵەمدا. (خوێندنەوەی زیاتر: "Senior judge resigns as a member of Kurdistan region's Judicial Council"، تەلەفزیۆنی NRT، ١٠ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨).

[40] دیپلۆماتکارێکی ڕۆژئاوایی لە هەولێر وتی: "شاسوار عەبدولواحید (سەرۆکی بزووتنەوەی نەوەی نوێ) باشترین ئۆپۆزسیۆنە کە پارتی ئاواتی پێوە بخوازێت. ئەو بەشداری هەڵبژاردنەکان دەکات و دەنگ لەو لایەنانە دەبات کە بەرد دەگرنە ئۆتومبێلەکانی سەرکردەکانی پارتی." چاوپیکەوتنی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، هەولێر، ٤ی ئەیلولی ٢٠١٨.

[41] بۆ نموونە، هێمن هەورامی (جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمان) یەکێکبوو لە کادرە گەنجەکانی پارتی و لە تیرە هەورامییەکانە، کە پەیوەندی مامەڵەی کاربەندی بەهێزیان لەگەڵ بارزانیەکان هەیە.

[42] چاوپیکەوتنی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، شرۆڤەکارێکی کورد، هەولێر، ٤ی ئەیلولی ٢٠١٨. ئەم ڕێکەوتنە جیاواز نەدەبوو لە هەر ڕێکەوتنێکی تر کە لە سیستەمی دیموکراسیەتی پەرلەمانیدا ڕوودەدات، گەر تۆڕە خێزانی و ئەمەکداریەکان هێندە باڵادەست نەبوونایە بەسەر حیزبە سیاسیەکان و پرۆسەی بڕیاردانیاندا، وەک چۆن لەسەرەوە خراوەتە ڕوو.

دامودەستگایی هەرێمەکە بە ویست و مەرجەکانی خۆیان (بۆ نمونە: پەسەندکردنی ڕەشنووسی دەستوور).[43] بڕیارەکانی کۆتایی

ڕەنگە ڕۆڵی دامودەستگا چاودێرەکان لاوازبکات و ئازادییە مەدەنیەکان سنورداربکات (لەوانە میدیای سەربەخۆ و جموجۆڵی سیاسیی هەڵقوڵاوی کۆمەڵگای مەدەنی)، ئەم ئازادیانە لە لایەن لایەنە خۆسەپێنەکانەوە بە کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر سەقامگیری ناوچەکە تەماشاکراوە بە هۆی ڕێگاخۆشکردن بۆ دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن و ململانێی دەسەڵاتداری و تێکدانی سیستەمی حوکمداری دوو حیزبی. [44] هەردوو حیزب ،پارتی بە تایبەیتی، هەوڵەکانیان چڕکردوەتەوە لە بەدەستخستنی بەشێکی زیاتر لە بودجەی فیدراڵی، تا لەو ڕێگەیەوە بتوانن نارەزایی گەل بڕەوێننەوە بە کۆتاییهێنانی قەیرانی دارایی و پێدانی موچەی مانگانەی فەرمانبەرانی حکومەت. ئەم هەنگاوانە خوویەکی کۆمەڵگای کوردستانی عێراق چەقبەستووتر دەکات، کە ئەوەش قبوڵکردنی ئەمری واقع و هەڵبژاردنی سەقامگیری ئابووریە بەسەر ئازادیە دیموکراتیەکاندا.[45]

بەردەوامدان بە ڕۆڵی دامودەستگا چاودێرەکان پێویستیەکی گرنگە کە ڕێگا بە ڕیفۆرمخوازەکان دەدات دەسەڵاتەکەیان لەدەستنەدەن لە حکومەتی نوێدا و هاوکات هەوڵەکان چڕدەکاتەوە لە دروستکردنی هاوپەیمانیەتیەکی نوێی یەکیەتی و پارتی بۆ پێشخستنی هەوڵەکانی ڕیفۆرم لە هەرێمەکەدا و بنیاتنانی ستراتیجێکی هاوبەش بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بەغداد. بەڵام بە پێچەوانەوە گەر بەرەی بەرانبەر، کە بەرەی حوکمداری بنەماڵەیین، سەرکەوتووبێت ئەوا بارودۆخی هەرێمەکە ڕەنگە بەردەوامبێت لە خراپبوون. هەرێمی کوردستان ئێستا مەترسی لەدەستدانی هەموو ئەوەی هەیە کە وردە وردە لە ١٩٩١ەوە بەدەستی هێناوە: سیستەمێکی سیاسی کە (هیچ نەبێت تا سنورێک) ڕێگا بە نوێنەرایەتی سیاسیی ڕاستەقینە دەدات، سازانی نێو حیزبەکان، جۆرە پێشکەوتنێکی ئابووری و ئاشتیی کۆمەڵایەتی.

[43] لە گرنگترین ئەجێنداکانی پارتی پەسەندکردنی ڕەشنووسی دەستووری هەرێم و یاسای سەرۆکایەتیە لە ڕێگای ڕیفراندۆمەوە. دەستوور ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی و بەرزترین دەسەڵاتەکانی هەرێم و پەیوەندیی نێوان هەرسێ دەسەڵاتی دادوەری و جێبەجێکار و یاسادانانی دیاریکردووە. پەرلەمان ڕەشنووسەکەی بە دەنگی زۆرینە لە پەسەندکرد لە ساڵی ٢٠٠٩دا بەڵام هێشتا دەبێت لە ڕێگای ڕیفراندۆمەوە گشتپرسی لەسەربکرێت.

[44] ئەندامانی پارتی حیزبەکەیان وەک یەنها حیزب دەبینن کە لە جەنجاڵی دوای ڕیفراندۆمدا بە بەهێزی مایەوە. بۆ نموونە، بەرپرسێکی حکومەتی هەرێم کە هاوکات ئەندامی پارتیە وتی: "زۆرێک لە ئەندامانی حیزب پێیان وایە کە ئێستا کاتی ئەوە نییە کە کوردستان گرنگی بە دیموکراسیەت بدات، هاوکات پێشیان وایە کە لایەنی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی ڕۆڵێکی نەرێنییان هەبووە. کاتێک کەشتیەکە نوقمبوو، گۆڕان و حیزبەکانی تریش هەموو بەرەیان گۆڕی. هەموو خۆیان ئامادەکردبوو پرسەی پارتی ببینن. گەر بە ویستی ئەوانبوایە، ئێستا شوێنێک نەدەما بە ناوی هەرێمی کوردستانەوە." (چاوپێکەوتنی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، ٤ی ئەیلول، ٢٠١٨)

[45] لە سەرەتای مانگی ئازاردا و مانگێک دوای ئەوەی پەرلەمانی عێراق یاسای بودجەی ٢٠١٩ی تێپەڕاند، هەرێم بڕیاریدا کۆتایی بە سیستەمی پاشەکەوتی مووچە بێنێت و مووچەی تەواو بدات بە فەرمانبەرانی کەرتی حکومی (کە ٧٠%ی تەواوی هێزی کاری هەرێم پێکدێنن) (خوێندنەوەی زیاتر: Iraq Oil Report ،"Baghdad hikes monthly payments to Kurdistan"، ١٤ی ئازاری ٢٠١٩، هەروەها: سالًح و فانتاپی، "Kurdish Nationalism at an Impasse")

## III. گەڕانەوە بۆ بەغداد

کوردەکان مێژوویەکی دوور و درێژی پەیوەندیی پڕکێشەیان هەیە لەگەڵ حکومەتە ناوەندیەکانی عێراقدا، کە لە کاتی ڕژێمی سەدام حسێندا و لە کۆتایی ١٩٨٠کاندا بە هۆی دووبارەبوونەوەی بەرهەڵستیی چەکداری و بەرپەرچەدانەوەی حکومەتەوە گوندەکان بە چڕی لەناوبران و چەندین کۆمەڵکوژی ئەنجامدران. لەناوچوونی ڕژێم و هاتنە دەسەڵاتی حیزبە عێراقیەکانی پێشتر ئۆپۆزسیۆنبوون و هاوئامانجی کوردەکانبوون پێش ٢٠٠٣، هیوای باشتربوونێکی بەرچاوی بارودۆخی هێنایە ئاراوە. بەڵام هیوایەکبوو کە تەنها بەشێکی هاتەدی. کوردەکان نارازین و بێزارن لە ناکارایی حکومەتی بەغداد و هاوکات لە پێشنەکەوتنی هەردوو بابەتی ناوچە جێناکۆکەکان و دابەشکردنی داهاتی نەوت، کە گرنگترین بابەتەکانن بۆ کوردەکان.[46]

کاردانەوە نەرێنییەکانی ڕیفراندۆم فشاری لە سەرکردە کوردەکان کرد کە شێوازی پەیوەندییەکەیان لەگەڵ بەغدادا بگۆڕن. تا ئەو کاتەی هەولێر کۆنترۆڵی ناوچە جێناکۆکەکان و نەوتی کەرکوکی دەکرد و پشتی بە پاڵپشتیی هاوپەیمانی دژ بە داعش قایمبوو، ئەگەرێکی بەردەستبوو کە تاکلایەنانە مامەڵە لەگەڵ بەغدادا بکات. ئەو هاوسەنگی دەسەڵاتە بە بەرژەوەندی بەغدادا گۆڕدرا، بەڵام لە هەمان کاتدا چەند گۆڕانگارییەکی سیاسی لە بەغداد کەسانی نزیکتری لە کوردەکانەوە هێنایە مەیدانی سیاسیەوە ،پێکەوە هەرچەندە پێچەوانەبن، ئەم دوو ڕووداوە هەلێکی هێنایە پێشەوە: بۆ یەکەمین جار لە دوای ڕووخانی ڕژێمەوە دیدگای کوردەکان و ئەندامانی ئەمجاری حکومەتی ناوەندی (زیاتر لە حکومەتەکانی پێشوو) لێک نزیکبوونەوە بەرەو گەیشتن بە ڕێکەوتنێک لەسەر ناوچە جێناکۆکەکان و بە تایبەتیش کەرکوک. بۆ دووبارە مامەڵەکردنەوە لەگەڵ بەغداد، کوردەکان دەبێت ململانی ناوخۆییەکانیان تێبپەڕێنن. یەکیەتی نێومالّی کوردەکان هاوکات ڕێگر دەبێت لەوەی کوردەکان ببن بە بەشێک لە ململانێی ئەمریکا و ئێران لە عێراقدا.

### آ. هەرێمی کوردستان و حکومەتی نوێی بەغداد

لە کۆتاییەکانی ٢٠١٧وە دوو حیزبە کوردیەکە بە هۆشدارییەوە دەستیانکردوەتەوە بە مامەڵەکردن لەگەڵ هاوەڵە سیاسیەکانی پێشوویان لە بەغداد. ئەم هەوڵی پەیوەندییە نزیکە نوێیە پێچەوانەی دەیەیەک لە دژایەتیکردنی یەکتریە کە بە هەوڵی ڕیفراندۆم کۆتاییهات. لە دوای ٢٠٠٧ەوە سەرکردەکانی بەغداد و هەولێر بە گوفتار و سیاساتی شەڕئامێزەوە لە بابەتەکانی ناوچە جێناکۆکەکان و دابەشکردنی داهاتی نەوت و ڕێکەوتنە نەوتیەکان دەچوونە پێشەوە.[47] حیزبە کوردییەکان وردە وردە پەیوەندییان لەگەڵ بەغدادا پچڕاند و کاریان لەسەر پێشخستنی هەرێمەکەیان بە هاوکاری دەرەکی کرد. لە کاتێکدا پێشتر حیزبە کوردییەکان بەرپرسی باڵایان ڕەوانەی حکومەتی بەغداد دەکرد، وەک دیاریکردنی جەلال تاڵەبانی وەک سەرۆک کۆمار، وردە وردە کەسایەتی بێهێزترییان دەنارده بەغداد کە بەرژەوەندی هەرێمیان دەپاراست لە ڕێگای پشتگوێخستن و دواخستنی ڕێکەوتنەکانەوە لەسەر پلان و پڕۆژەکان نەوەک بە ڕێکەوتن لەسەریان.[48]

---

[46] پارتی ڕقێکی بەهێزی دژی هەندێک لە بەرپرسانی حکومی پێشوو هەیە لە بەغداد، بە تایبەتیش حەیدەر عەبادیی سەرۆک وەزیران. کادرێکی پارتی دەڵێت: "لە کاتی کارکردنی مالیکی (سەرۆک وەزیرانی پێشوو)دا، عەبادی سەرۆکی ئەو لیژنە پەرلەمانیەبوو کە ناردنی بودجەی بۆ کوردستان وەستاند. لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٧دا ئەوبوو بڕیاریدا تانک و زرێپۆش بنێرێتە کەروک." (چاوپێکەوتنی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، هەولێر، ٣ی ئەیلولی ٢٠١٨) .

[47] Crisis Group Middle East Report N°88, Iraq and the Kurds: Trouble Along the Trigger Line، ٨ی تەموزی ٢٠٠٩. Crisis Group Middle East Report N°103, Iraq and the Kurds: Confronting Withdrawal Fears، ٢٨ی ئازاری ٢٠١١

[48] بەرپرسێکی حکومەتی هەرێم ڕێڕەوی پەیوەندییەکانی کوردستانی عێراق و بەغدادی بەم شێوەیە باسکرد: "لەبەر ئەوەی کوردەکان بەشێکبوون لە هێزی ئۆپۆزسیۆن دژ بە سەدام، هەموو لایەنەکان بەشاری ئێمەیان لە حکومەتی دوای ٢٠٠٣دا بە شتێکی چاوەڕوانکراو دەبینی. بەڵام کاتێک نوری مالیکی لە ٢٠٠٦دا بوو بە سەرۆک وەزیران، شتەکان بە ڕێڕەوێکی تردا ڕۆیشتن. ئەو چەندین کوردی پلەبەرزی لە بەغداد لەسەر کار دوورخستەوە. بە تێپەڕبوونی کات، گرنگیدانمان بە بەغداد کەمبووەوە." (چاوپێکەوتنی گروپی قەیرانی نیودەولەتی، هەولێر، ٤ی ئەیلولی ٢٠١٨) بەرپرسێکی کورد کە لە ٢٠٠٥ەوە لە وەزارەتی دەرەوە کاریکردووە (کە وەزارەتێکی پشکی کوردبوو لە ٢٠٠٣وە تا ٢٠١٤) وتی: "کاتێک کوردێک وەزارەتەکەی بەڕێوەدەبرد، هێندە دیدگایەکی دووربین و ستراتیجیی نەبوو کە پۆستی بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان بداتە کورد. لە ئێستادا، بە پێچەوانەی حیزبە شیعەکانەوە، هیچ کوردێک لە پۆستی ئیداری باڵادا نییە." (چاوپێکەوتنی گروپی قەیرانی نیودەوڵەتی، بەغداد، ٢١ی کانوونی دووەمی ٢٠١٨)

هەریەک لە لەدەستدانی ناوچە کێشەلەسەرەکان و بڕینی بەشە بودجەی هەرێم، سەرکردە کوردەکانی ڕاچڵەکاند و وایلێکردن دووبارە بیر لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ بەغداد بکەنەوە. هەتا داکۆکیکەرە سەرسەختەکانی سەربەخۆیی کوردستانیش لە نێو پارتیدا هەوڵەکانیان نوێکردەوە بۆ دووبارە بەدەستهێنانی پۆستە باڵاکان لە بەغداد کە پشکی کوردن (وەک سەرۆک کۆمار و جێگری سەرۆک پەرلەمان و هتد...) بەرپرسێکی پارتی بەم شێوەیە باسی ئەم شێوە مامەڵە نوێیەی کرد لەگەڵ بەغداد:

> بیری سەربەخۆیی هێشتا هەر هەیە، بەڵام لە ئێستادا دەمانەوێت لە بەغداد لە تەواوی دەسەڵاتدا بین. بابەتگەلێکی وەک جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ (لەسەر ناوچە جێناکۆکەکان) و دابەشکردنی داهات و پێدانی موچەی پێشمەرگە (هێزەکانی بەرگریی کوردستانی عێراق) و چەند بابەتێکی تر لەسەر مێزی دانوستانن.[49]

لە کاتێکدا کە پێکهێنانی حکومەت لە بەغداد ویستی پارتی نوێکردوەتەوە لە بەشداری سیاسیدا لە پایەتەختەکەی عێراقدا، ململانێی نێوان یەکێتی و پارتی تواناى کوردەکانی لە دەستکەوتنەوەی دەسەڵاتی سیاسییاندا خستوەتە ژێر پرسیارەوە، دەسەڵاتێکی سیاسی لە بەغداد کە پێشتر بووە مایەی سوودی گرنگ بۆ کوردەکان (وەک: ئۆتۆنۆمییەکی زیاتر، بڕی جێگیری ١٧%ی بودجەی فیدراڵی و مافی هەرێم بۆ واژۆکردنی سەربەخۆی ڕێکەوتنە نەوتییەکان.) لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٨دا، هەردوو حیزب لەسەر هەڵبژاردنی کاندید بۆ پۆستی سەرۆکایەتی عێراق ناکۆکی کەوتە بەینیان، پۆستێک کە لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە کۆتای کوردەکانە.[50] هەرچەندە پارتی لە هەڵبژاردنی ئەیلولی ٢٠١٨دا زۆرینەی بەدەستهێنا، بەڵام یەکیەتی سەرکەوتووبوو لە گەیاندنی بەرهەم ساڵحی کاندیدیان بە پۆستی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق سەرەڕای دژایەتیی بەهێزی پارتی.[51] پەیوەندییەکان هێشتا ئاسایی نەبوونەتەوە. کادرێکی یەکیەتی وتی:

> لەوەتەی پارتی ململانێی سەرۆکایەتی کۆماری دۆڕاندووە، هەماهەنگیمان لەگەڵ ناکات لە بەغداد و کارەکەمانی قورسکردووە. بەڵام ئەوان بێ ئێمە ناتوانن نە لە بەغداد و نە لە کەرکوک هیچ بەدەستبهێنن، بە پێچەوانەشەوە ڕاستە: ئێمەش ناتوانین هیچ بەدەستبهێنین بێ ئەوان.[52]

---

[49] (چاوپێکەوتنی گروپی قەیرانی نیودەوڵەتی، هەولێر، ٤ی ئەیلولی ٢٠١٨) مادەی ١٤٠ لە دەستووری عێراق داوای سازدانی ڕیفراندۆم لە کورکوک و ناوچە کێشەلەسەرەکانی تر دەکات هاوسەنگ لەگەڵ مادەی ٥٨ی یاسای حکومەتی گواسترەوەی عێراق، کە لە ٢٠٠٤ دا پێش دانانی دەستووری عێراق کاری پێدەکرا. هەردوو (ئاسای حوکمڕانی گواسراوەی عێراق و دەستووری عیراق) ئاماژە بە "ناوچە کێشەلەسەرەکان" دەدات بەڵام هیچ یەکێکیان بە دیاریکراوی ناوی ئەو ناوچانەی تێدا نیە جگە لە کەرکوک (هەرچەندە لەمەشدا دڵنیایی نیە مەبەست لە کەرکوک شارەکە یاخود پارێزگاکەیە).

[50] دابەشکردنی کار لە ٢٠٠٦دا لە لایەن ڕێکەوتنی ستراتیجیی یەکیەتی و پارتیەوە، بەرپرسیارێتی هەرێمی دایە پارتی و نوێنەرایەتی کوردی لە بەغداد کردە بەرپرسیارێتی یەکیەتی، پێگەیەک کە هێندەی بەرپرسیارێتیەکانی هەرێم چارەنووسساز نەبوو. بەڵام کاتردانەوەکانی ڕیفراندۆم گۆڕانکاریەکی ڕیشەیی لەم شێوەی دابەشکارییەدا هێنایە بەرهەم: پارتی جیدی دەیویست ڕای بەهێزی هەبێت لە بابەتەکانی پەیوەست بە بەغدادەوە. (چاوپێکەوتنی گروپی قەیرانی نیودەوڵەتی، هەولێر، ئەیلولی ٢٠١٨)

[51] لە ٢ی تشرینی یەکەمدا، کوتلە سیاسییە شیعەکانی نزیک لە ئێران دەنگیان لە بەرژەوەندیی بەرهەم ساڵحی بەربژێری یەکیەتی بۆ سەرۆکایەتی کۆمار و لە دژی فوئاد حسێنی بەربژێری پارتیبوو. (چاوپێکەوتنی گروپی قەیرانی نیودەوڵەتی لەگەڵ بەرهەم ساڵح، بەغداد، ٢٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٨). هەندێک شرۆڤەکار ڕایەکی جیاوازیان هەیە و پێیان وایە دەنگدانی حیزبە شیعەکان بە بەرهەم ساڵح گۆڕانی هەستی ئێرانیەکان و مالیکیبووە دوای ئەوەی هەستیان کردووە فوئاد حسێن ناتوانێت دەنگی زۆرینە لە پەرلەماندا بەدەستبهێنێت. هەروەها، دوابەدوای ئەنجامی هەڵبژاردنەکان پارتی کردە براوە بەسەر یەکیەتیدا ئێران ڕەنگە لەبەر هێشتنەوەی ڕۆڵی یەکیەتی لە بەغداد، تا هاوسەنگی باڵادەستیی پارتیبێت لە هەرێم، بڕیاریدابێت پاڵپشتیی بەربژێرەکەی یەکیەتی بکات. هاوکات، ئەمریکاش کاندیدکردنی بەرهەم ساڵحی پێباشتربوو بە هۆی پەیوەندییە دێرینەکانیەوە لەگەڵ واشنتۆن، وەک نوێنەری یەکیەتی لە ئەمریکا و وەک جێگری سەرۆک وەزیەرانی عێراق لە ٢٠٠٦ بۆ ٢٠٠٩دا. (چاوپێکەوتنی گروپی قەیرانی نیودەوڵەتی لەگەڵ شرۆڤەکارێکی عێراقی، بەغداد، ٢٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩). بە کورتی، بەرهەم ساڵح بوو بە کاندیدێکیکی پەسەندکراوی هەردوو ئێران و ئەمریکا. (چاوپێکەوتنی گروپی قەیرانی نیودەوڵەتی لەگەڵ شرۆڤەکارێکی عێراقی، بەغداد، ٢٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٨). لە دووەم گەڕی دەنگداندا بەرهەم ساڵح ٢١٩ دەنگی بەدەستهێنا و فوئاد حسێن تەنها ٢٢ دەنگ، ئەمەش دوای ئەوەی پەرلەمانتارانی پارتی لە بەرهەڵستیدا دانیشتنەکەیان جێهێشت. پارتی ڕایگەیاند کە ئەوان وەک گەورەترین لیست لە پەرلەمانی کوردستاندا مافی خۆیانە کاندیدی کورد بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق کاندیدبکەن، هەر بەم شێوەیەش کاندیدکردنی بەرهەم ساڵحیان یاساییەن بە بەتاڵ لەقەڵەمدا. لە ٢٥ی تشرینی یەکەمدا، فوئاد حسێن بوو بە وەزیری دارایی عێراق.

[52] چاوپێکەوتنی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، بەغداد، ٤ی شوباتی ٢٠١٩. لە ناوەڕاستی کانوونی دووەمدا و لە کاتێکدا کە ئەنجومەنی نوێنەران دانیشتنیان لەسەر یاسای بودجە سازدەکرد، ئەندام پەرلەمانێکی پارتی لە لیژنەی داراییدا ڕایگەیاند کە ڕێنمایی پێدراوە لە لایەن بەرپرسێکی باڵای پارتیەوە کە بەشداری دانیشتنێکی ڕاوێژکاریی بەرهەم ساڵح نەکات. ئەو وتی: "بە ڕای من ئەم ڕێنماییە زیانی دەبێت، هەردوو حیزب بەرژەوەندییان لە پەسەندکردنی یاسای بودجەدا هەیە. ئێستا کە بەرهەم ساڵح سەرۆک کۆمارە، پارتی دەبێت خۆی بگونجێنێت و ئەم پۆستە بەکاربهێنێت لە بەرژەوەندیی کورددا." چاوپێکەوتنی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، بەغداد، ٢٢ی کانوونی دووەمی ٢٠١٩. ئەندامێکی یەکیەتی کە نزیکە لە بەرهەم ساڵحەوە، بە زمانێکی کەمتر

هەرچەندە بە گشتی پۆستێکی تەشریفاتییە، بەڵام سەرۆک کۆمار چەند دەسەڵاتێکی هەیە کە دەکرێت ببێتە کارتێکی ستراتیجی لە دەستی کوردەکاندا، بەڵام ئەمە تەنها لە ئەگەرێکدا ڕوو دەدات کە یەکیەتی و پارتی ناکۆکیەکانیان وەلابنێن.[53]

### ب. دوو ڕێرەوی جیاواز لە مامەڵەکردندا لەگەڵ بەغداد

سەرکردە کوردەکان بەرژەوەندییان هەیە لە سەرکەوتنی حکومەتی نویی بەغدادا، گەر حکومەتی بەغداد کارابێت و ویستی لێی هەبێت، کاتێک بەتەواوی پێکهات دەتوانێت ڕێکەوتن ئەنجامبدات لەسەر کێشە هەڵپەسێراوەکانی بووەتە هۆی پەرتبوون.[54]بەڵام ململانێی ناوخۆیی حیزبی، پارتی هاندەدات کە تاکلایەنانە ڕێکەوتن لەگەڵ بەرە بەهێزە سیاسی-سەربازیەکاندا بکات لە پایتەخت، و پەنانەبات بۆ ووت و وێژ لەگەڵ یەکیەتی بۆ پێکەوە گەیشتنە ڕێکەوتنێکی درێژخایەن لەگەڵ حکومەتی ناوەندا. [55]

لە جیاتی ئەمە، دۆڕانی پارتی لە ململانێی سەرۆک کۆماریدا هانی لایەنە خۆسەپێنەکانی نێو پارتیدا کە بە دوای ڕێکەوتنی تاکلایەنە بکەون لەگەڵ بەرەی فەتحی نزیک لە ئێران لەسەر ناوچە کێشەلەسەرەکان و بەشە بودجەی هەرێم و فرۆشی نەوت وەک شێوەیەک بۆ بەدەستخستنەوەی زیانەکانی دوای ڕیفراندۆم.[56]

---

ئاشتەواییخوازەوە وتی: "سەرۆک کۆمار پێویستی بە پارتی نییە. ئەو گەر پارتیش هیوای سەرکەوتنی بۆ نەخوازێت هەر دەتوانێت کارەکانی بە باشی ڕاپەڕێنێت." چاوپێکەوتنی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، بەغداد، ٢٢ی کانوونی دووەمی ٢٠١٩

[53] بە پێی مادەی ٧٣ لە دەستووری عێراق، دەسەڵاتەکانی سەرۆک کۆمار لەگەڵ چەندین دەسەڵاتی تر ئەمانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت: دەرکردنی فرمانی لێخۆشبوونی تایبەت بۆ تاوانباران، پەسەندکردنی ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکان، پەسەندکردنی یاساکانی لە لایەن پەرلەمانەوە دەردەکرێن، دەرکردنی فرمانی سەرۆکایەتی، وە ڕۆڵی سەرۆکایەتی باڵای هێزە چەکدارەکان لە نمایش و مەراسیمەکاندا. پەسەندکردنی یاسا و دەرکردنی فرمانی سەرۆکایەتی بە تایبەت دەسەڵاتێکی گرنگە، کە وەک پێویست لە لایەن سەرۆکەکانی پێشووەوە بەکارنەهاتووە. (خوێندنەوەی زیاتر: “A Statement from Barzani on the Nomination Process for the New President of Iraq”، مەڵپەڕی فەرمیی مەسعود بارزانی، ٢٤ی ئەیلولی ٢٠١٨. بەرپرسێکی یەکیەتی نزیک لە بەرهەم ساڵح دەڵێت: "خەمی من زیاتر داهاتووی پەیوەندییەکانی بەرهەم ساڵحە لەگەڵ پارتی وەک لە پەیوەندیەکانی لەگەڵ فراکسیۆنە شیعە و سونەکاندا. ئەندامانی پارتی، بە نێچیرڤان بارزانیشەوە کە پێشتر بەرهەم پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ هەبووە، تا ئێستا هیچیان لێی نەچوونەتە پێشەوە." چاوپێکەوتنی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، بەغداد، ٢٨ی کانوونی دووەمی ٢٠١٩.

[54] لە مانگی ئازارەوە تا سەرەتای تشرینی یەکەمی ٢٠١٨، هێزە سیاسسیە شیعەکان گەیشتبوونە بەربەست لە درووستکردنی گەورەترین کوتلەی پەرلەمانیدا، کە بە پێی دەستوور مافی پێکهێنانی حکومەتیان هەیە. بەرەی نەسڕی حەیدەر عەبادی هەوڵیان دا گەورەترین کوتلەی پەرلەمانی لەگەڵ هێزە سیاسییە شیعەکانی تر (وەک لیستی سەدرییەکان و ئەل حیکمە) پێکبێنن، بەڵام لە لایەن گرووپە شیعەکانی نزیک لە ئێرانەوە دژایەتیکرا وەک بەرەی فەتح و دەوڵەتی یاسا. بەرپرسێکی یەکیەتی ڕایگەیاند: هیچ حکومەتێک پێکناهێندرێت بێ پاڵپشتی فەتح یاخود لایەنگرانی سەدر. فەتح هێزی چەکداری لە پشتە و سەدریش شەقام. کوردەکان دەتوانن سوود لە دوو بەرەی ململانێکاری شیعە ببینن نەوەک یەک بەرەی یەکرگتوو. ئێمە ئەوکاتە پاڵپشتی هیچ یەک لە بەرەکان ناکەین گەر شتێک نەخەنە سەر مێزی گفتوگۆ بۆ جێبەجێکردنی داواکانی ئێمە." چاوپێکەوتنی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، هەولێر، ٦ی ئەیلولی ٢٠١٨.

[55]ئەندامێکی یەکیەتی گێڕایەوە: "لە هاویندا لەگەڵ عەبادی ووت و وێژمانکرد لەسەر پاڵپشتیکردنی بەرەکەی. ئێمە پەیڕەوپرۆگرامی نا تایفی ئەوانمان بەدڵبوو. بەڵام دەبێت ڕاستیەکی جوگرافی لەبەرچاوبگرین کە ناتوانین بیگۆڕین. ئێمە سنوورێکی ٥٠٠ کیلۆمەتری و پەیوەندی بازرگانیمان لەگەڵ ئێراندا هەیە، و هاوکات هێزەکانی حەشد (کە زۆربەیان میلیشیای عەرەبی شیعەن کە لە بنەڕەتدا بۆ شەڕی دژی داعش جووڵەیان پێکرا) لە دوز خورماتوو و خانەقین. ئەگەر پاڵپشتی بەرەکەی عەبادی بکەین ئەوا کێشەی جێگیرکردنی هێزەکانی حەشد لە ناوچە کێشەلەسەرەکان چارەسەر نابێت." چاوپێکەوتنی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، هەولێر، ٤ی ئەیلولی ٢٠١٨. هاوەڵێکی مەسرور بارزانیش وتی: "لە مانگی ئابدا، لە کاتێکدا ئەمریکا فشاری لێدەکردین بچینە بەرەکەی عەبادییەوە، ئێمە و سوننەکان ڕێکەوتنێکمان لەگەڵ لیستی فەتحدا ئەنجامدا کە حەشد لە دەشتی نەینەوا بکشێتەوە. دوابەدوای ئەمە بەشێکی هێزەکانی حەشد لە ڕەبیعەی ڕۆژئاوای نەینەوا کشانەوە. هیچ نەبێت، ئێرانیەکان دەتوانن ئەمە جێبەجێبکەن." چاوپێکەوتنی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، هەولێر، ٦ی ئەیلولی ٢٠١٨.

[56] بۆ نموونە لە ٢٣ی کانوونی دووەمی ٢٠١٩دا، ئەنجوومەنی نوێنەران یاسایەکی بودجەیان تێپەڕاند کە تایبەتی لە بەرژەوەندی کوردەکانە. بە پێی یاسا نوێکە، بەغداد بەردەوامدەبێت لە پێدانی مووچەی فەرمانبەرانی حکومەت و هێزەکانی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان گەر هەرێم نەشتوانێت هەناردەی ڕۆژانەی ئەو ٢٥٠ هەزار بەرمیلە نەوتە بکات لە هەرێمەوە کە لەسەری ڕێکەوتوون. (خوێندنەوەی زیاتر: “New budget hikes spending, including windfall for KRG”, Iraq Oil Report، ٢٥ی کانوونی دووەمی ٢٠١٩.) تەنها چەند ڕۆژێک پێش پەسەندکردنی یاسای بودجە، ئەندامپەرلەمانێکی پارتی ئەندام لە لیژنەی داراییدا ڕایگەیاند: "یاسای بودجە لە بەرژەوەندیی کوردەکان دیارە، بەڵام دەبێت ئاگاداری وردەکارییەکاندبن. تەنها لە کاتێکدا هەرێم دەتوانێت مووچەی فەرمانبەرە حکومیەکان بدات گەر بەغداد ڕێگەبدات هەرێم بە سەربەخۆ هەناردەی ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە بکات و داهات نەگێڕێتەوە خەزێنەی ناوەندی." چاوپێکەوتنی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، بەغداد، ٣ی شوباتی ٢٠١٩. بەرپرسێکی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەغداد پێشنیاری کرد: "ئەوەی کوردەکان سوودی لێ دەبینن کارکردنە بۆ یاسایەک کە بەشە بودجەی دیاریکراو دابنرێت بۆ هەرێمەکە، تا هەموو ساڵێک دووبارە دانوستان لەگەڵ بەغداد نەکەنەوە لەسەر بودجە." چاوپێکەوتنی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، بەغداد، ٣١ی کانوونی دووەمی ٢٠١٩.

ئەم ڕێگەچارانە ڕەنگە دەستکەوتی کورتخایەن ببەخشێتە هەرێمی کوردستان لەسەر کێشەکانی ناوچە کێشەلەسەرەکان و دابەشکردنی داهات، بەڵام ئەم دەستکەوتانە سەقامگیرنابن چونکە پاڵپشتیی حکومەتیان لەپشت نییە.

لەجیاتی بەداموەدستگاکردنی پەیوەندیەکانی نێوان بەغداد و هەولێر لە ڕێگای گەیشتن بە سازان لەسەر کێشە هەڵپەسێراوەکان، ئەم ڕێکەوتنە ژێربەژێرانەی کە لە نێوان کەسایەتیەکانی نێو پارتی و سیاسەتمەدارە شیعەکان لە ئارادایە و لەسەر بنەمای پەیوەندی کەسیی نێوان سیاسەتمەدارەکان بنیاتنراوە ڕەنگە لە هەر کاتێکدا هەڵبوەشێتەوە و پێچەوانەببێتەوە. جگە لەمەش، ئەم ڕێکەوتنانە یەکیەتی و پارتی زیاتر لەیەک دوور دەخاتەوە و توانای هەرێمی کوردستان لە بەشداریی دانوستان لەگەڵ بەغداد بێهێزدەکات. یەکێک لە نیشانەکانی کاردانەوە خراپەکانی ئەم ڕێکەوتنە، ڕێکنەکەوتنی حیزبە کوردیەکانە لەسەر هەڵبژاردنی کاندیدێک بۆ پۆستی وەزیری داد، کە یەکێک بوو لەو پۆستانەی لایەنە کوردیەکان بە گوێرەی دەستکەوتی هەڵبژاردن بەدەستیانهێنابوو.[57] ئەم شێوازە لە سیاسەتکردنی پارتی هاوکات ڕۆڵی بەغداد کەمدەکاتەوە وەک لایەنێکی دانوستانکار لەگەڵ هەولێردا، بە ڕێکەوتن و بەهێزکردنی ئەو لایەنانەی کە حکومەتی هەرێم پێویستی پێیانە بۆ مانەوە. گەر حکومەتێکی ناوەندیی لاواز هەبێت ئەوا لە مەودایەکی کورتدا ڕەنگە سوود بە کوردەکان بگەیەنێت، بەڵام لاوازبوونی حکومەتی ناوەندی هەروەها ئەگەر و توانای گەیشتن بە ڕێکەوتنێکی درێژخایەن لەسەر کێشەکانی ناوچە کێشەلەسەرەکان و داهاتی نەوت لاواز دەکات.

### ج. گەڕانەوەی سیاسەت بۆ بازنەی پیرۆزییەکان:

کاردانەوە نەرێنیەکانی ڕیفراندۆم چەند هەلێك دەخاتەڕوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان کە دەبێت بقۆزرێنەوە، هاوکات مەترسیی خولقاندنی کێشەی نوێ دەخاتە ئاراوە کە دەبێت ڕێگرییان لێ بکرێت. لایەنە نێودەوڵەتییەکان، بە تایبەتی (بەرنامەی نەتەوە یەککگرتووەکان لە عێراق – UNAMI) دەبێت جەخت لە دووبارە گەڕانەوەی کورد بۆ بەغداد بکەنەوە لە ڕێگای دەستنیشانکردنی چەند بەرپرسێکی دێرین بۆ نێوەندگیریی نێوان ڕێکەوتنی دوو لایەنەکە لەسەر ناوچە کێشەلەسەرەکان. دەتوانین بڵێین بارودۆخەکە هەرگیز هێندەی ئێستا لەبار نەبووە.[58] هەبوونی پلان و سیاساتێکی سەرکەوتوو وا دەکات دانوستانەکانی نێوان هەولێر و بەغداد ببێتە ئەولییەتی دوو ساڵی داهاتوو. هەروەها واشدەکات کە پەیوەندیی نێوان هاوسەنگیی دەسەڵاتی یەکیەتی و پارتی لە هەولێر و گەڕانەوەی کوردەکان بۆ مێزی دانوستان لە بەغداد بگیرێتە بەرچاو. ئەگەر ئەمریکا سیاسەتە توندەکەی لەگەڵ ئێراندا هێوربکاتەوە و هێزی خۆی بداتە پاڵ ڕێکەوتنێکی ستراتیجی نوێبووەوەی یەکیەتی و پارتی و هاوکات هانی گەڕانەوەی کوردەکان بدات بۆ مێزی گفتووگۆ لەگەڵ بەغداد، ئەوا ئەمریکا دەتوانێت لە ڕێگای هاوپەیمانییەتیەوە لەگەڵ کوردەکاندا قورسایی خۆی لە پڕۆسەی سیاسیی عێراقدا زیادبکات. ئەم هەل و مەرجانە ئەگەری سەرکەوتنی ڕیفۆرمخوازەکانی نێو یەکیەتی و پارتی لە بنیاتنانی هاوپەیمانیەتیەکی کارادا زیاد دەکات لەجیاتی ئەوەی ببنە قوربانیی سیاسەتی دابەشکاری لە پایتەخت، هاوکات بەم شێوەیە دەتوانن چارەسەرێکی درێژخایەن بۆ ناوچە کێشەلەسەرەکان بدۆزنەوە. سەقامگیری لە هەولێر دەبێتە هۆی سەرکەوتنی دانوستانەکان لەبەغداد.

بەهێزکردنی یەکبڕیاریی نێوان حیزبەکان و یەکیەتیی ناو حیزبەکان لەم ڕووەوە سوودبەخش دەبێت و دەبێت هانبدرێت بە مەرجێک کە ئامانجی دووبارە دامەزراندنەوەی میکانیزمی چاودێریی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هەرێمەکە بێت و هانی هەماهەنگیی نێوان کەسایەتییە ڕیفۆرمخوازەکان بدات، جا لە هەر حیزبێک بن، بە ئامانجی گەیشتن بە سازان لەگەڵ بەغداد. پڕۆسەیەکی دانوستان کە نەتەوە یەککگرتوەکان چاودێری بکات دەکرێت هەولێر و بەغداد بگەیەنێتە ڕێکەوتنێک کە کاراتر و بەردەوامتربێت لەو ڕێکەوتنە یەکلایەنە سیاسیانەی تەنها بۆ ئاڵوگۆڕی پشتگیریی سیاسی و لەکاتی پێویستدا لە لایەن کەسایەتییە حیزبییەکانەوە ئەنجامدەدرێت. لە غیابی هەستی بەرپرسیارێتیی هەرێمی کوردستان و حیزبە کوردییەکاندا، هاوکاریی دارایی و سەربازی ڕەنگە تەنها ببێتە هۆی بەهێزکردنی کەسایەتییە سیاسیەکانی هەرێمەکە

کە هیچ ویستێکی ئەنجامدانی ڕیفۆرمیان نیە و خووی هەمیشەییان سەرکووتکردنی ئۆپۆزسیۆنە بە دەستێکی پۆڵاین. هاوپەیمانە نێودەوڵەتییەکانی هەرێمی کوردستان، کە وەبەرهێنانێکی دارایی زۆریان لە دروستکردنی هاوپەیمانیەتیە سەربازی و ئەمنیەکاندا کردوە دەبێت وەبەرهێنانیش بکەن لە بنیاتنانەوەی

[57] ئەندام پەرلەمانێکی بەرەی دەوڵەتی یاسا سەر بە مالیکی وتی: "هیچ کەسێک لە بەغداد نایەوێت دوو حیزبە کوردیەکە یەککگرتووبن. هەمووان ترسی ئەوەیان هەیە کە ئەمە ڕیفراندۆمێکی تر دەخولقێنێت." چاوپێکەوتنی گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی، بەغداد، ٣٠ کانوونی دووەمی ٢٠١٩. لە ناوەڕاستی مانگی ئازاردا، پۆستی وەزیری دادی عێراق هێشتا مایەی ناکۆکیی نێوان یەکیەتی و پارتیبوو.

[58] گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی، Reviving UN Mediation (پێشتر ئاماژەی پێدراوە)

میکانیزمی چاودێریی سیستەمی سیاسیی هەرێمەکە (لە ڕێگای سیستەمی دادوەری و پەرلەمانی و کۆمسیۆنە سەربەخۆکانەوە) و بەهێزکردنی کۆمەڵگای مەدەنی کە دەکرێت کەسایەتییە ڕیفۆرمخوازەکان هێندە بەهێزبکاتەوە کە بەردەوامبن لە پڕۆسەی ڕیفۆرم لە ناوخۆی کوردستاندا و هەماهەنگیی نێوان حیزبەکان بژیەننەوە. ڕێکەوتنێکی ستراتیجیی نوێ ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە دووبارە گەڕانەوەی دوو حیزبە کوردیەکە بۆ سەر مێزی دانوستان لە بەغداد. کەسایەتییە ڕیفۆرمخوازەکانی نێو سیاسەتی کوردی زۆربەی جار ئەوانەن کە بەهێزترین پەیوەندییان لەگەڵ حکومەتی ناوەندا هەیە و زیاترین گرنگی بە دۆزینەوەی پەیوەندی کارای نوێی نێوان یەکیەتی و پارتی دەدەن لە ناو هەرێمەکەدا.

## IV. دەرئەنجام

داهاتووی کوردستانی عێراق بە زۆری بەندە بە دەرئەنجامی ململانێیەکی نێو سەرکردایەتییەکان، کە لەم بارودۆخەدا، ئەگەری زۆرە لایەنە خۆسەپێنەکان زاڵبکات بەسەر لایەنە ڕیفۆرمخوازەکاندا. ئەم دەرئەنجامە ڕەنگە بازنەیەکی دووبارەبووەوەی زیانبەخش بخولقێنێت کە فەزای نوێنەرایەتی سیاسی لە هەرێمەکەدا بچووکتر بکاتەوە و هەوڵەکان لەبارببات لە دۆزینەوەی چارەسەرێکی درێژخایەنی کێشە هەڵپەسێراوەکان لە نێوان هەولێر و بەغدادا. هەروەها دەکرێت ببێتە هۆکارێک بۆ پەرتپەرتبوونی سیاسی لە عێراق و وڵاتەکە زیاتر بکاتە مەیدانێکی نمایشی ململانێ ناوچەییە زیادبووەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا. توندتربوونی گوفتاری سیاسیی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا دژ بە ئێران بەدڵنیاییەوە هۆکارێکی درووستبوونی ئەم بازنە زیانبەخشەیە. گەر فشاری تەواو بخرێتە سەر ئێران ئەوا ئەگەری جەمسەردارێتی سیاسەتی عێراقی زیاد دەبێت و فەزای سیاسی پەرتپەرتدەبێت بە شێوەیەک کە حکومەتی بەغداد لەکاربخات و فشاربخاتە سەر لایەنە خۆسەپێنەکانی نێو یەکیەتی و پارتی کە ڕێکەوتنی یەکلایەنە لەگەڵ بەغداد بکەن لەسەر ناوچە کێشەلەسەرەکان و دابەشکردنی داهات، بەم شێوەیە فەزای دانوستان بچوک دەبێتەوە بۆ گەیشتنە سازانێکی درێژخایەن لەسەر کێشە گەورەکان.[59]

گەر ئەمەکداری بنەماڵەیی و سیاسی بەردەوامبێت وەک پرنسیپی باڵادەست لە سیاسەتی کوردیدا، ئەوا لایەنە ڕیفۆرمخوازەکان ڕەنگە هیچ ڕێگەچارەیەکی تریان نەمێنێت جگە لەوەی، لە ترسی لەناوچوونیان، بچنە سەر ڕێچکەی ئەمەکداری و ئەو گەمە سیاسییە باوە بکەن، ببنە ئەمەکداری لایەنێک و ئەمەکدار بۆ خۆیان بدۆزنەوە. گەر لایەنە خۆسەپێنەکان باڵادەستبکرێن، ئەوا ئەستەمدەبێت یەکیەتی و پارتی هاوپەیمانییەکی ستراتیجی کارا دابمەزرێنن. لە جیاتی هاوپەیمانیەتی، سەرکردە حیزبیەکان ڕەنگە پشتبەستنیان بە هێزە ناوچەییەکان بەکاربهێنن بۆ سەرکەوتن لە ململانێ ناوخۆییەکانیاندا لە ناوەوە و دەرەوەی حیزبەکانی خۆیاندا. کوردەکان زۆر جار باجی تێوەگلانیان لە ململانێ ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکاندا داوە کە بە هۆی ناتەبایی نێو حیزبەکانیانەوە تێیکەوتوون. بەدڵنیاییشەوە، دەرئەنجامی ئەم تێوەگلانانە پەرتپەرتبوون و ناتەبایی ناوخۆیی زیاتر و بێ بەرگەییان بووە لە بەرانبەر مەترسییەکاندا. ئەم جارە، دەستکەوتەکانی نەوەیەک دەخاتە مەترسییەوە کە هەرێمێکی خاوەن ئۆتۆنۆمییان بنیاتناوە کە تا ڕادەیەک خاوەنی نوێنەرایەتی سیاسیی ڕاستەقینە و سەقامگیری ئابووری و ئاشتی کۆمەڵایەتیبووە.

**هەولێر/برۆکسل، ٢٧ی ئازاری ٢٠١٩**

[59] ئیدارەی ئەمریکا هەندێک جار دابەشبوونی پێوە دیاربووە لەوەی چ ڕێگەچارەیەک بگرێتە بەر. برێت مەکگۆرک، نێردەی تایبەتی پێشووی سەرۆکی ئەمریکا بۆ هاوپەیمانیەتیی نێودەوڵەتی دژ بە داعش، وا دیاربوو لەگەڵ گۆڕینی هەڵوێستی دژە ئێرانیی واشنتۆنبێت. بەڵام بەرپرسانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لەگەڵ زیاترکردنی فشارەکاندابوون لەسەر ئێران، و ڕەنگە پێیان وابووبێت ئەمریکا هەژموون و کارتی فشاری زیاتری بەدەستەوەیە لە عێراقدا و ئەگەری کاردانەوە خراپەکانیان بە کەم سەیرکردبێت. بەرپرسێکی ئەمریکی کە لە دژی زیادکردنی فشارەکانبوو لەسەر ئێران وتی: "فشارەکانمان لەسەر ئێران هەژموون و کارتی فشارەکانمانی لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا کەمکردووەتەوە. ئەگەر کۆنگرێس بڕیاربدات گروپە شیعە مەزهەبەکانی لایەنگری ئێران بخاتە لیستی تیرۆرەوە یاخود ئابلۆقەیان بەسەردا بسەپێنێت، ئەوا ڕەنگە بە خراپی بەسەر خۆماندا بشکێتەوە و توانامان لە مامەڵەکردن لەگەڵ عێراقیەکاندا و هەژموونمان لەسەر پرۆسەی سیاسی ئەو وڵاتە کەمبکاتەوە." چاوپێکەوتنی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، بەرپرسێکی ئەمریکی، تشرینی یەکەمی ٢٠١٨

## پەراوێزی ا: نەخشەی عێراق




Map No. 3835 Rev. 6 UNITED NATIONS
July 2014

Department of Field Support
Cartographic Section

## پەراوێزی ب: دەربارەی گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی

مجموعة الأزمات الدولية (مجموعة الأزمات) هي منظمة مستقلة غير ربحية وغير حكومية، تضم حوالي 120 موظفاً في خمس قارات يعملون من خلال التحليل الميداني وحشد الدعم وممارسة الإقناع على المستويات العليا من أجل منع وتسوية النزاعات الخطيرة.

تقوم مقاربة مجموعة الأزمات على أساس البحث الميداني، حيث تعمل فرق من الباحثين السياسيين داخل أو بالقرب من الدول التي يوجد فيها خطر لاندلاع أو تصاعد أو تكرار حدوث صراع عنيف. وبناء على المعلومات والتقييمات المستقاة من الميدان تقوم بإعداد تقارير تحليلية تتضمن توصيات عملية موجهة إلى كبار صناع القرار الدوليين. كما تقوم مجموعة الأزمات بنشر *كرايسيسووتش* وهي نشرة شهرية تقدم الإنذار المبكر وتحديثاً واضحاً ومنتظماً حول وضع ما يصل إلى 70 حالة صراع فعلي أو محتمل في سائر أنحاء العالم.

يتم توزيع تقارير مجموعة الأزمات بشكل واسع عبر البريد الإلكتروني، وتتوافر في نفس الوقت على موقعها على الإنترنت:www.crisisgroup.org. تعمل مجموعة الأزمات بشكل وثيق مع الحكومات والأطراف التي تؤثر على الحكومات، بما في ذلك الإعلام، من أجل إبراز تحليلاتها حول الأزمات وحشد التأييد لتوصياتها بشأن السياسات.

إن مجلس أمناء مجموعة الأزمات – الذي يضم شخصيات بارزة في مجالات السياسة والدبلوماسية والأعمال والإعلام – يعمل بشكل مباشر في المساعدة على إيصال هذه التقارير والتوصيات إلى انتباه كبار صناع السياسات في سائر أنحاء العالم. يرأس مجموعة الأزمات النائب السابق للأمين العام للأمم المتحدة والمدير الإداري لبرنامج الأمم المتحدة الإنمائي، اللورد مارك مالوخ – براون.

رئيس مجموعة الأزمات ومديرها التنفيذي، روبرت مالي، باشر مهام منصبه في 1 كانون الثاني/يناير 2018. شغل مالي سابقاً منصب مدير برنامج الشرق الأوسط وشمال أفريقيا في مجموعة الأزمات؛ وكان آخر منصب شغله هو منصب المساعد الخاص للرئيس الأميركي السابق باراك أوباما ومستشاره رفيع المستوى لشؤون الحملة ضد تنظيم الدولة الإسلامية في العراق والشام، ومنسق البيت الأبيض لشؤون الشرق الأوسط، وشمال أفريقيا والخليج. كما عمل في الماضي كمساعد خاص للرئيس بل كلينتون للشؤون الإسرائيلية-الفلسطينية.

يوجد المقر الرئيسي لمجموعة الأزمات الدولية في بروكسل، كما أن لها مكاتب في سبعة مواقع أخرى هي: بوغوتا، وداكار، واسطنبول، ونيروبي، ولندن، ونيويورك، وواشنطن دي سي. كما أن لها وجود في المواقع الآتية: أبوجا، والجزائر، وبانكوك، وبيروت، وكاراكاس، ومدينة غزة، ومدينة غواتيمالا، وهونغ كونغ، والقدس، وجوهانسبورغ، وجوبا، ومكسيكو سيتي، ونيودلهي، والرباط، وتبليسي، وتورنت، وطرابلس، وتونس، ويانغون.

تتلقى مجموعة الأزمات دعماً مالياً من طيف واسع من الحكومات والصناديق والمتبرعين الأفراد. تقيم مجموعة الأزمات حالياً علاقات مع الدوائر والهيئات الحكومية الآتية: وزارة الشؤون الخارجية والتجارة الأسترالية، الوكالة النمساوية للتنمية، وزارة الخارجية الدنماركية، وزارة الشؤون الخارجية الهولندية، صندوق أمانة طوارئ الاتحاد الأوروبي لأفريقيا، وآلية الاتحاد الأوروبي للمساهمة في الاستقرار والسلام، وزارة الخارجية الفنلندية، وكالة التنمية الفرنسية، وزارة شؤون أوروبا والشؤون الخارجية الفرنسية، وزارة الخارجية الاتحادية الألمانية، وزارة الخارجية الآيسلندية، وكالة المساعدات الأيرلندية، الوكالة اليابانية للتعاون الدولي، وزارة خارجية ليختنشتاين، وزارة خارجية اللوكسمبورغ، ووزارة الخارجية والتجارة النيوزيلندية، ووزارة الشؤون الخارجية النرويجية، وزارة التنمية الدولية البريطانية، وزارة الخارجية القطرية، وزارة الشؤون الخارجية السويدية، وزارة الشؤون الخارجية الاتحادية السويسرية، ووزارة التنمية الدولية البريطانية، ووزارة الخارجية والتعاون الدولي الإماراتية.

ترتبط مجموعة الأزمات بعلاقات مع المؤسسات التالية: مؤسسة كارنيغي في نيويورك، ومؤسسة تشارلز كوخ، ومؤسسة هنري لوس، ومؤسسة جون د. وكاترين ت. ماكآرثر، ومؤسسة كوريا، ومؤسسات أوبن سوسيتي، ومؤسسة بلوشيرز، ومؤسسة روبرت بوش ستيفتونغ، ومؤسسة الإخوان روكفلر، ومؤسسة يونيكوريا، ومؤسسة ويلسبرينغ الانسانية.

**آذار/مارس 2019**

# پەراوێزی ج:ڕاپۆرت و پێشنیارەکانی گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا لە ٢٠١٦وە

### Special Reports

*Exploiting Disorder: al-Qaeda and the Islamic State*, Special Report N°1, 14 March 2016 (also available in Arabic and French).

*Seizing the Moment: From Early Warning to Early Action*, Special Report N°2, 22 June 2016.

*Counter-terrorism Pitfalls: What the U.S. Fight against ISIS and al-Qaeda Should Avoid*, Special Report N°3, 22 March 2017.

### Israel/Palestine

*How to Preserve the Fragile Calm at Jerusalem's Holy Esplanade*, Middle East Briefing N°48, 7 April 2016 (also available in Arabic and Hebrew).

*Israel/Palestine: Parameters for a Two-State Settlement*, Middle East Report N°172, 28 November 2016 (also available in Arabic).

*Israel, Hizbollah and Iran: Preventing Another War in Syria*, Middle East Report N°182, 8 February 2018 (also available in Arabic).

*Averting War in Gaza*, Middle East Briefing N°60, 20 July 2018 (also available in Arabic).

*Rebuilding the Gaza Ceasefire*, Middle East Report N°191, 16 November 2018 (also available in Arabic).

### Iraq/Syria/Lebanon

*Arsal in the Crosshairs: The Predicament of a Small Lebanese Border Town*, Middle East Briefing N°46, 23 February 2016 (also available in Arabic).

*Russia's Choice in Syria*, Middle East Briefing N°47, 29 March 2016 (also available in Arabic).

*Steps Toward Stabilising Syria's Northern Border*, Middle East Briefing N°49, 8 April 2016 (also available in Arabic).

*Fight or Flight: The Desperate Plight of Iraq's "Generation 2000"*, Middle East Report N°169, 8 August 2016 (also available in Arabic).

*Hizbollah's Syria Conundrum*, Middle East Report N°175, 14 March 2017 (also available in Arabic and Farsi).

*Fighting ISIS: The Road to and beyond Raqqa*, Middle East Briefing N°53, 28 April 2017 (also available in Arabic).

*The PKK's Fateful Choice in Northern Syria*, Middle East Report N°176, 4 May 2017 (also available in Arabic).

*Oil and Borders: How to Fix Iraq's Kurdish Crisis*, Middle East Briefing N°55, 17 October 2017 (also available in Arabic).

*Averting Disaster in Syria's Idlib Province*, Middle East Briefing N°56, 9 February 2018 (also available in Arabic).

*Winning the Post-ISIS Battle for Iraq in Sinjar*, Middle East Report N°183, 20 February 2018 (also available in Arabic).

*Saudi Arabia: Back to Baghdad*, Middle East Report N°186, 22 May 2018 (also available in Arabic).

*Keeping the Calm in Southern Syria*, Middle East Report N°187, 21 June 2018 (also available in Arabic).

*Iraq's Paramilitary Groups: The Challenge of Rebuilding a Functioning State*, Middle East Report N°188, 30 July 2018 (also available in Arabic).

*How to Cope with Iraq's Summer Brushfire*, Middle East Briefing N°61, 31 July 2018.

*Saving Idlib from Destruction,* Middle East Briefing N°63, 3 September 2018 (also available in Arabic).

*Prospects for a Deal to Stabilise Syria's North East*, Middle East Report N°190, 5 September 2018 (also available in Arabic).

*Reviving UN Mediation on Iraq's Disputed Internal Boundaries*, Middle East Report N°194, 14 December 2018 (also available in Arabic).

*Avoiding a Free-for-all in Syria's North East*, Middle East Briefing N°66, 21 December 2018 (also available in Arabic).

*Lessons from the Syrian State's Return to the South,* Middle East Report N°196, 25 February 2019 (also available in Arabic).

### North Africa

*Tunisia: Transitional Justice and the Fight Against Corruption*, Middle East and North Africa Report N°168, 3 May 2016 (also available in Arabic and French).

*Jihadist Violence in Tunisia: The Urgent Need for a National Strategy*, Middle East and North Africa Briefing N°50, 22 June 2016 (also available in French and Arabic).

*The Libyan Political Agreement: Time for a Reset*, Middle East and North Africa Report N°170, 4 November 2016 (also available in Arabic).

*Algeria's South: Trouble's Bellwether*, Middle East and North Africa Report N°171, 21 November 2016 (also available in Arabic and French).

*Blocked Transition: Corruption and Regionalism in Tunisia*, Middle East and North Africa Report N°177, 10 May 2017 (only available in French and Arabic).

*How the Islamic State Rose, Fell and Could Rise Again in the Maghreb*, Middle East and North Africa Report N°178, 24 July 2017 (also available in Arabic and French).

*How Libya's Fezzan Became Europe's New Border*, Middle East and North Africa Report N°179, 31 July 2017 (also available in Arabic).

*Stemming Tunisia's Authoritarian Drift*, Middle East and North Africa Report N°180, 11 January 2018 (also available in French and Arabic).

*Libya's Unhealthy Focus on Personalities,* Middle East and North Africa Briefing N°57, 8 May 2018.

*Making the Best of France's Libya Summit*, Middle East and North Africa Briefing N°58, 28 May 2018 (also available in French).

*Restoring Public Confidence in Tunisia's Political System*, Middle East and North Africa Briefing N°62, 2 August 2018 (also available in French and Arabic).

*After the Showdown in Libya's Oil Crescent,* Middle East and North Africa Report N°189, 9 August 2018 (also available in Arabic).

*Breaking Algeria's Economic Paralysis*, Middle East and North Africa Report N°192, 19 November 2018 (also available in Arabic and French).

### Iran/Yemen/Gulf

*Yemen: Is Peace Possible?*, Middle East Report N°167, 9 February 2016 (also available in Arabic).

*Turkey and Iran: Bitter Friends, Bosom Rivals*, Middle East Briefing N°51, 13 December 2016 (also available in Farsi).

*Implementing the Iran Nuclear Deal: A Status Report*, Middle East Report N°173, 16 January 2017 (also available in Farsi).

*Yemen's al-Qaeda: Expanding the Base*, Middle East Report N°174, 2 February 2017 (also available in Arabic).

*Instruments of Pain (I): Conflict and Famine in Yemen*, Middle East Briefing N°52, 13 April 2017 (also available in Arabic).

*Discord in Yemen's North Could Be a Chance for Peace*, Middle East Briefing N°54, 11 October 2017 (also available in Arabic).

*The Iran Nuclear Deal at Two: A Status Report*, Middle East Report N°181, 16 January 2018 (also available in Arabic and Farsi).

*Iran's Priorities in a Turbulent Middle East,* Middle East Report N°184, 13 April 2018 (also available in Arabic).

*How Europe Can Save the Iran Nuclear Deal,*

Middle East Report N°185, 2 May 2018 (also available in Persian and Arabic).

*Yemen: Averting a Destructive Battle for Hodeida,* Middle East Briefing N°59, 11 June 2018.

*The Illogic of the U.S. Sanctions Snapback on Iran*, Middle East Briefing N°64, 2 November 2018 (also available in Arabic).

*The United Arab Emirates in the Horn of Africa*, Middle East Briefing N°65, 6 November 2018 (also available in Arabic).

*How to Halt Yemen's Slide into Famine*, Middle East Report N°193, 21 November 2018 (also available in Arabic).

*On Thin Ice: The Iran Nuclear Deal at Three*, Middle East Report N°195, 16 January 2019 (also available in Farsi and Arabic).

## پەراوێزی د: بۆردی ئەمیندارانی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی

CHAIR

**Lord (Mark) Malloch-Brown**
Former UN Deputy Secretary-General and Administrator of the United Nations Development Programme

PRESIDENT & CEO

**Robert Malley**
Former White House Coordinator for the Middle East, North Africa and the Gulf region

OTHER TRUSTEES

**Fola Adeola**
Founder and Chairman, FATE Foundation

**Hushang Ansary**
Chairman, Parman Capital Group LLC; Former Iranian Ambassador to the U.S. and Minister of Finance and Economic Affairs

**Carl Bildt**
Former Prime Minister and Foreign Minister of Sweden

**Emma Bonino**
Former Foreign Minister of Italy and European Commissioner for Humanitarian Aid

**Cheryl Carolus**
Former South African High Commissioner to the UK and Secretary General of the African National Congress (ANC)

**Maria Livanos Cattaui**
Former Secretary General of the International Chamber of Commerce

**Ahmed Charai**
Chairman and CEO of Global Media Holding and publisher of the Moroccan weekly *L'Observateur*

**Nathalie Delapalme**
Executive Director and Board Member at the Mo Ibrahim Foundation

**Alexander Downer**
Former Australian Foreign Minister and High Commissioner to the United Kingdom

**Sigmar Gabriel**
Former Minister of Foreign Affairs and Vice Chancellor of Germany

**Robert Fadel**
Former Member of Parliament in Lebanon; Owner and Board Member of the ABC Group

**Frank Giustra**
President & CEO, Fiore Group; Founder, Radcliffe Foundation

**Hu Shuli**
Editor-in-Chief of Caixin Media; Professor at Sun Yat-sen University

**Mo Ibrahim**
Founder and Chair, Mo Ibrahim Foundation; Founder, Celtel International

**Yoriko Kawaguchi**
Former Foreign Minister of Japan; former Environment Minister

**Wadah Khanfar**
Co-Founder, Al Sharq Forum; former Director General, Al Jazeera Network

**Nasser al-Kidwa**
Chairman of the Yasser Arafat Foundation; Former UN Deputy Mediator on Syria

**Bert Koenders**
Former Dutch Minister of Foreign Affairs and Under-Secretary-General of the United Nations

**Andrey Kortunov**
Director General of the Russian International Affairs Council

**Ivan Krastev**
Chairman of the Centre for Liberal Strategies (Sofia); Founding Board Member of European Council on Foreign Relations

**Ramtane Lamamra**
Former Minister of Foreign Affairs of Algeria; Former Commissioner for Peace and Security, African Union

**Tzipi Livni**
Former Foreign Minister and Vice Prime Minister of Israel

**Helge Lund**
Former Chief Executive BG Group (UK) and Statoil (Norway)

**Susana Malcorra**
Former Foreign Minister of Argentina

**William H. McRaven**
Retired U.S. Navy Admiral who served as 9th Commander of the U.S. Special Operations Command

**Shivshankar Menon**
Former Foreign Secretary of India; former National Security Adviser

**Naz Modirzadeh**
Director of the Harvard Law School Program on International Law and Armed Conflict

**Saad Mohseni**
Chairman and CEO of MOBY Group

**Marty Natalegawa**
Former Minister of Foreign Affairs of Indonesia, Permanent Representative to the UN, and Ambassador to the UK

**Ayo Obe**
Chair of the Board of the Gorée Institute (Senegal); Legal Practitioner (Nigeria)

**Meghan O'Sullivan**
Former U.S. Deputy National Security Adviser on Iraq and Afghanistan

**Thomas R. Pickering**
Former U.S. Under-Secretary of State and Ambassador to the UN, Russia, India, Israel, Jordan, El Salvador and Nigeria

**Ahmed Rashid**
Author and Foreign Policy Journalist, Pakistan

**Juan Manuel Santos Calderón**
Former President of Colombia; Nobel Peace Prize Laureate 2016

**Wendy Sherman**
Former U.S. Under Secretary of State for Political Affairs and Lead Negotiator for the Iran Nuclear Deal

**Ellen Johnson Sirleaf**
Former President of Liberia

**Alexander Soros**

Deputy Chair of the Global Board, Open Society Foundations

**George Soros**
Founder, Open Society Foundations and Chair, Soros Fund Management

**Jonas Gahr Støre**
Leader of the Labour Party and Labour Party Parliamentary Group; former Foreign Minister of Norway

**Jake Sullivan**
Former Director of Policy Planning at the U.S. Department of State, Deputy Assistant to President Obama, and National Security Advisor to Vice President Biden

**Lawrence H. Summers**
Former Director of the U.S. National Economic Council and Secretary of the U.S. Treasury; President Emeritus of Harvard University

**Helle Thorning-Schmidt**
CEO of Save the Children International; former Prime Minister of Denmark

**Wang Jisi**
Member, Foreign Policy Advisory Committee of the Chinese Foreign Ministry; President, Institute of International and Strategic Studies, Peking University

## PRESIDENT'S COUNCIL

A distinguished group of individual and corporate donors providing essential support and expertise to Crisis Group.

### CORPORATE

**BP**
**Shearman & Sterling LLP**
**Statoil (U.K.) Ltd.**
**White & Case LLP**

### INDIVIDUAL

**(5) Anonymous**
**Scott Bessent**
**David Brown & Erika Franke**
**Herman De Bode**
**Stephen Robert**
**Luděk Sekyra**
**Alexander Soros**
**Ian R. Taylor**

## INTERNATIONAL ADVISORY COUNCIL

Individual and corporate supporters who play a key role in Crisis Group's efforts to prevent deadly conflict.

### CORPORATE

**Anonymous**
**APCO Worldwide Inc.**
**Atlas Copco AB**
**Chevron**
**Edelman UK**
**Eni**
**HSBC Holdings Plc**
**MetLife**
**Noble Energy**
**RBC Capital Markets**
**Shell**

### INDIVIDUAL

**(3) Anonymous**
**Mark Bergman**
**Stanley Bergman & Edward Bergman**
**David & Katherine Bradley**
**Eric Christiansen**
**Sam Englebardt**
**The Edelman Family Foundation**
**Seth & Jane Ginns**
**Ronald Glickman**
**David Harding**
**Geoffrey R. Hoguet & Ana Luisa Ponti**
**Geoffrey Hsu**
**David Jannetti**
**Faisel Khan**
**Cleopatra Kitti**
**Michael & Jackie Lambert**
**Samantha Lasry**
**Leslie Lishon**
**Malcolm Hewitt Wiener Foundation**
**The New York Community Trust – Lise Strickler & Mark Gallogly Charitable Fund**
**The Nommontu Foundation**
**Brian Paes-Braga**
**Kerry Propper**
**Duco Sickinghe**
**Nina K. Solarz**
**Clayton E. Swisher**
**Enzo Viscusi**

## AMBASSADOR COUNCIL

Rising stars from diverse fields who contribute their talents and expertise to support Crisis Group's mission.

**Amy Benziger**
**Tripp Callan**
**Kivanc Cubukcu**
**Matthew Devlin**
**Victoria Ergolavou**
**Noa Gafni**
**Christina Bache**
**Lynda Hammes**
**Jason Hesse**
**Dalí ten Hove**
**Lindsay Iversen**
**Azim Jamal**
**Arohi Jain**
**Christopher Louney**
**Matthew Magenheim**
**Madison Malloch-Brown**
**Megan McGill**
**Hamesh Mehta**
**Tara Opalinski**
**Perfecto Sanchez**
**Nidhi Sinha**
**Chloe Squires**
**Leeanne Su**
**Bobbi Thomason**
**AJ Twombly**
**Dillon Twombly**
**Annie Verderosa**
**Zachary Watling**
**Grant Webster**

## SENIOR ADVISERS

Former Board Members who maintain an association with Crisis Group, and whose advice and support are called on (to the extent consistent with any other office they may be holding at the time).

**Martti Ahtisaari**
Chairman Emeritus

**George Mitchell**
Chairman Emeritus

**Gareth Evans**
President Emeritus

**Kenneth Adelman**
**Adnan Abu-Odeh**
**HRH Prince Turki al-Faisal**
**Celso Amorim**
**Óscar Arias**
**Richard Armitage**
**Diego Arria**
**Zainab Bangura**
**Nahum Barnea**
**Kim Beazley**
**Shlomo Ben-Ami**
**Christoph Bertram**
**Lakhdar Brahimi**
**Kim Campbell**
**Jorge Castañeda**
**Joaquim Alberto Chissano**
**Victor Chu**
**Mong Joon Chung**
**Sheila Coronel**
**Pat Cox**
**Gianfranco Dell'Alba**
**Jacques Delors**
**Alain Destexhe**
**Mou-Shih Ding**
**Uffe Ellemann-Jensen**
**Stanley Fischer**
**Carla Hills**
**Swanee Hunt**
**Wolfgang Ischinger**
**Aleksander Kwasniewski**
**Ricardo Lagos**
**Joanne Leedom-Ackerman**
**Todung Mulya Lubis**
**Graça Machel**
**Jessica T. Mathews**
**Miklós Németh**
**Christine Ockrent**
**Timothy Ong**
**Roza Otunbayeva**
**Olara Otunnu**
**Lord (Christopher) Patten**
**Surin Pitsuwan**
**Fidel V. Ramos**
**Olympia Snowe**
**Javier Solana**